Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090115

# پێویستی بوونی دادگای باڵای دەستوری لەو هەرێم و دەوڵەتانەی دەستوری نوسراویان نی یە

پشتیوان حمید فرج

بەشی یاسا // زانکۆی گەرمیان

محسن حسن بارام

بەشی یاسا // زانکۆی گەرمیان

زانیار بختیار کریم

بەشی یاسا // کۆلێژی یاسا و کارگێری// زانکۆی هەڵەبجە

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر گەوهەری دادگای دەستوری و تایبەتمەندییەکان و ئارگۆمێنتەکانی پێویستی دادگای دەستوری و شێوازی پێکهێنانی لەو وڵات و هەرێمانەی بەڵگەنامەی دەستوریان نیە وەستاوە. ئەوەش رونکراوەتەوە دادگەری دەستوری پایەیەکی سەرەکی سیستمی دادوەرییە، هەر دادگایەک یان ئەنجومەنێک مومارەسەی ئەرک و تایبەتمەندییەکانی دادگەری دەستوری دەکات دەشێت ناوی دادگەری دەستوری لێبنێین. هاوکات جۆرە دادگەرییە سروشتێکی یاسایی و سیاسیشی هەیە. بەڵام ئەم یاسایی بوون و سیاسی بوونە لەڕووی تیۆرییەوە کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، جونکە لە بنەمادا دەستور بەرجەستەکەری دۆخی سیاسییە لەچێوەیەکی یاساییدا. دادگەری دەستوری بەگشتی دادگەرییەکی پسپۆڕە و پسپۆڕییەکەشی بریتییە لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە دەستورییەکان بڕیارەکانیشی یەکلاییکەرەوەن. ئەم جۆرەش لە دادگا دوو تایبەتمەندي رواڵەتیشی هەیە، کە لە گرنگیدانی دەستور بە پێکهێنانی دادگای دەستوری و فرەچەشنی ئەندامێتی ئەو دادگایانەدا چڕ دەبێتەوە. تێژینەوەکە لەسەر ئەوە وەستا کە زۆرێک لە کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە جیاوازی نەکردن لەنێوان یاسا دەستورییەکان و یاسا ئاساییەکاندا، چونکە هەردووکیان بە یەک رێکار و یەک رێژەی دەنگدانی ئاسایی دەرکراون، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو جیاوازییە بکرایە، هاوکات دادگایەکی تایبەتیش هەبوایە بۆ یەکلاییکردنەوی رەوای بوون و دەستوری بوون و دەستوری نەبوونی یاسا و پەیڕەو و بڕیارەکان، ئەوا هەرێم روبەڕوی لانی کەمی ئەو کێشانە نەدەبویەوە لە دە ساڵی رابردوو روبەڕویان بوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەم دوو هەنگاوە، لەلایەک ئەو بۆشاییە بەجۆرێک لە جۆرەکان پڕدەکاتەوە کە نەبوونی دەستورێکی نوسراو دورستیکردووە، لەلایەکی تریش دەبێتە بنەمایەک بۆ دەستوری ئایندەی هەرێمی کوردستان و ئاسان پەسەندکردنی پڕۆژەی دەستور.

## rticle Info

Received: January, 2022
Accepted : February,2022
Published :April ,2022

## Keywords

پێویستی بوونی دادگای باڵای، دادگای دەستوری، هەرێم و دەستور.

## Corresponding Author

pshtiwan.hameed@garmian.edu.krd
mohsin.adib@garmian.edu.krd
zanyar.kareem@uoh.edu.iq

**پێشەکی:**

- **ناساندنی توێژینەوەکە:**

دیموکراسی (١*) تا ئێستا باشترین سیستمە کە مرۆڤایەتی بۆ شێوازی دەوڵەتداری پەیپێبردوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەم سیستمە کێشەی تایبەت بەخۆی نییە. دیموکراسیەت شێوازی جۆراوجۆری هەیە، دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ بێگەردترین جۆری دیموکراسیەتە کە بۆ یەکەم جار لە دەوڵەت و شارەکانی یۆنانی کۆندا پەیڕەو کراوە. بەڵام لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کە لەسەروو هەموشیانەوە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرفراوان بوونی سنوری جوگرافیای دەوڵەتان جۆرێکی دی لە دیموکراسیەت هاتۆتە ئاراوە، کە بە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی (خەڵك لە ڕێگای میکانیزمی هەڵبژاردنەوە کەسانێك وەك نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن تا لەبری ئەوان حوکمڕانی بکەن) ناسراوە.

بەڵام ئەم جۆرە لە دیموکراسیەت لەمڕۆدا و لە ڕابردوشدا لەزۆر ڕووەوە شکستی سەلماوە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە تێیاندا کەلتوری دیموکراسی لاوازە و دامەزراوەبوون سەروەر نییە. وە هەروەها دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی لە بنەڕەتدا کێشەی بونیادی هەیە و ئەمەش لە جەوهەری دیموکراسیەتی دوردەخاتەوە، لەبەرئەوەی ناکرێت باسی دیموکراسی بکەین لە کاتێکدا هاوڵاتی (کە خاوەنی ڕەسەنی دەسەڵاتە) لە باشترین دۆخدا ٤ ساڵ جارێك (یان ٥ ساڵ جارێك) دەنگێك بدات بە کۆمەڵێك نوێنەر و ئیدی پاڵی لێبداتەوە، چونکە زۆر جار ئەم نوێنەرە وەك پێویست نییە، ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی جێبەجێ ناکات. مادام واشبوو، ئیدی هیچ مانایەك بۆ دیموکراسیەت و سەروەری نامێنێتەوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە چەمکی دیموکراسیەتی نیمچە ڕاستەوخۆ خۆی دەسەپێنێت، بەو مانایەی گەل کاتێك پەرلەمانێك هەڵدەبژێرێت، ئیدی هەموو شتێکی بۆ بەجێناهێڵێ بێ چاودێری چی بوێت بیکات، بەڵکو گەل مافی بەشداربکردن بۆ خۆی دەهێڵێتەوە لە بابەت و مەسەلە بنەڕەتییەکاندا، ڕێگا نادات دەسەڵاتی سیاسی تاکڕەوانە بڕیار لەبارپانەوە بدات (د.محمد كامل ليلة، ١٩٦٩، ٨٠٤).

لێرەوە لە هەستکردن بەم کێشە بونیادییانە، ئەزموون و بیری سیاسی، کۆمەڵێك ماف و ڕێکاری گرتۆتە بەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە نێوەخنی ئەم جۆرە لە دیموکراسیەتدا هەیە. و یەکێك لەو میکانیزمانەش بریتییە لە بوونی دادگایەکی باڵا کە کاری سەرەکی پاراستنی پرنسیپە باڵاکان بێت، بێگومان پرنسیپە باڵاکانیش لە دەستور و ئەو یاسایانەدا جێگایان کراوەتەوە کە سروشتی دەستوریان هەیە. بەمەش ئەو دادگایە لەلایەك بەشدار دەبێت بە بەخشینی مانا بە گەوهەری دەوڵەتی یاسا و باڵایی دەستور و یاسا دەستورییەکان، لەلایەکی دیش، دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی بەجۆرێك لە جۆرەکان نزیك دەبێتەوە لە دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ. لەو ڕووەشەوە کە میکانیزمێکی نەرمە، سەقامگیری دروست دەکات، ئەمە جگە لەوەی ئینتیما بۆ هاوڵاتی دروست دەکات، کاتێك ئەم هاوڵاتییە هەست بەوە دەکات، کە دامەزراوەیەکی باڵا هەیە و کاری سەرەکی بریتییە لە پاراستنی پرەنسیپە باڵاکانی دەوڵەتداری.

- **کێشەی توێژینەوەکە**

لە ڕوکەشدا، وادەردەکەوێت ئەو وڵات و هەرێمانەی دەستوری نوسراویان نییە، نەتوانن ببنە خاوەنی دادگای باڵای دەستوری، یان هەر دادگایەکی دی کە کاری چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساکان ئەنجام بدات، لەو ڕووەوە کە دیکۆمێنتێکی دەستوری نییە بکرێتە پێوەری نادەستوری بوونی یاساکان. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، ڕاڤەی ئەوە دەکەین تا چەند لە چوارچێوەی زانست و فەلەسەفەی یاسای دەستورییدا دەشێت ڕێگا بەو هەرێم و دەوڵەتانە بدرێت، لەناویشیاندا هەرێمی کوردستان، کە ببنە خاوەنی دادگای باڵای دەستوری یان هەر دادگایەکی دی کە کاری چاودێری کردنی دەستوری بوونی یاساکان ئەنجام بدات.

**گرنگی بابەتی توێژینەوەکە:**

لە چەند ڕویەکەوە گرنکی بابەتی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەسەلمێنێت:

١. بوونی دادگای باڵای دەستوری، لەناو هەر دەسەڵاتێکی سیاسیدا، بەشدار دەبێت لە پڕکردنەوەی بەشێك لەو ناتەواوییانەی لە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیدا هەیە.

٢. هەوڵێکە بۆ بەرجەستەکردنی بنەمای جوێکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی کردەیی، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە ئەم دادگایە دەبێتە پارێزەرێکی گرنگی بۆ پرنسیپە دەستورییەکان، و ڕێگرتن لەوەی یەکێک لەدەسەڵاتەکان، لەسەر حسابی لاوازکردنی دەسەڵاتەکانی دی خۆی بەهێز بکات.

٣. لاوازی دەسەڵاتی دادوەری، لەناو چوارچێوەی هەندێك دەسەڵاتی سیاسیدا هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، یەکێك لەهۆکارەکانی بریتییە لەناتەواوی پەیکەری دەسەڵاتی دادوەری، بۆیە بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەری پێویستی بە بەهێزکردنی پەیکەری دەسەڵاتی دادوەری هەیە، پێویستە بەتەنیشت دادگای ئاسایی و کارگێڕیشەوە دادگای دەستوریش ئیزافە بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

هەرێمی کوردستان ٢٩ ساڵە خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسییە، بەڵام تا ئێستا پەیکەری دەسەڵاتی دادوەری ناتەواوە، خاوەنی دادگای باڵای دەستوری نییە. هاوکات یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ ڕێگای بەهیچ دادگایەك نەداوە، کە کاری پێداچوونەوە بە نادەستوری بوونی یاساکاندا بکات. ئەمە جگە لەوەی ئێستاشی لەگەڵدابێت هەرێم خاوەنی یاسایەك نییە، کە لەڕووی فۆرم و لەڕووی بابەتیشەوە یاسا دەستورییەکان، یان ئەو یاسایانەی ڕەهەندی دەستوریان هەیە جیابکاتەوە لە یاسا ئاسایییەکانی دی، بۆیە ئامانجی ئێمە ئەوەیە ڕوونی بکەینەوە، بوونی ئەو دادگایە و جیاکردنەوەی یاسا دەستورییەکان کاریگەرییەکی گەوهەریان دەبێت، لە دروستکردنی کۆدەنگییەکی پەرلەمانی و میللی لەسەر پرسە دەستوری و نیشتیمانییەکان، ئەمەش هەرێمی کوردستان لەو پشێوی و تەنگەژە سیاسیانە دوور دەخاتەوە، کە لە ڕابردووداو بەتایبەت لەم دە ساڵی دواییدا ڕوویانداو ئەگەری چەندبارەبونەوەشیان هەیە، ئەگەر ڕێکاری گرنگی یاسایی و دادوەری نەگیرێنەبەر.

**میتۆدەکانی توێژینەوەکە:**

ئەو میتۆدانەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەویان لێدەکەین بۆ لێوردبونەوە و تاووتوێ کردنی بابەتی توێژینەوەکە بریتین لە میتۆدەکانی وەسفی و شیکاری و بەراوردکاری.

**پلانی توێژینەوەکە:**

بۆ ڕوونکردنەوەو داپۆشینی بابەتی توێژینەوەکە، دەبوو پلانەکە بەمجۆرە دابڕێژین:

سەرباسی یەکەم: کرۆکی دادگای دەستوری و تایبەتمەندییەکانی

تەوەری یەکەم: پێناسەی دادگای دەستوری

تەوەری دووەم: سروشتی دادگای دەستوری

تەوەری سێهەم: تایبەتمەندییەکانی دادگای دەستوری

سەرباسی دووەم: ئارگۆمێنتەکانی پێویستی دادگای دەستوری و شێوازی پێکهێنانی لەو وڵات و هەرێمانەی بەڵگەنامەی دەستوریان نییە.

تەوەری یەکەم: پێناسەی گەوهەری دەستور و ئامادەیی پێشوەختی لەسیستمی سیاسیدا

تەوەری دووەم: دەستوری ئایندەی ئەو دەوڵەت و هەرێمانەی بەڵگەنامەی دەستوریان نییە

تەوەری سێهەم: بنەماکانی پێکهێنان و کاری دادگای باڵای دەستوری

لە کۆتاییشدا چەند ئەنجام و پێشنیارێك بۆ زیاتر بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەری و سەرپێخستنی دەسەڵاتی یاساو پابەندبوون بە پرنسیپە دەستورییەکانەوە دەخەینە روو [*٢].

## سەرباسی یەکەم
## کرۆکی دادگای دەستوری و تایبەتمەندییەکانی

لە سەرباسی یەکەمدا هەوڵدەدەین لەڕووی تیۆرییەوە کرۆکی دادگەری دەستوری بناسێنێن، بۆ ئەمەش پێویستە سەرباسەکە بۆ سێ تەوەری سەرەکی دابەش بکەین، لە تەوەری یەکەمدا پێناسەی دادگای دەستوری دەکەین، لە تەوەری دووەمیشدا لە سروشتی دادگای دەستوری دەکۆڵینەوە، لە کۆتا تەوەریشدا تیشك دەخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی دادگای دەستوری.

### تەوەری یەکەم: پێناسەی دادگای دەستوری:

بۆ تێگەیشتن لە چەمکێك، چەندێك پێویستیمان بەناسینی کرۆکی چەمکەکە هەیە، ئەوەندەش پێویستیمان بە بەراوردکردنی بەچەمکە دژەکانی، یان چەمکە نزیکەکانی هەیە. لەم روانگەیەوە دەشێت بڵێین دادگەری دەستوری (القضاء الدستوري) بەتەنیشت دادگەری ئاسایی و دادگەری کارگێرییەوە (القضاء العادي و القضاء الإداري) یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی سیستمی دادوەری هەر دەسەڵاتێکی سیاسی. بەڵام بۆ ئەوەی لەگەوهەری خودی دادگەری دەستوری تێبگەین، پێویستمان بەوە هەیە زیاتر لەناوخۆیداو لەناوەڕۆکیدا قسەی لەسەر بکەین.

پێشوەختەو بۆ بەرچاوڕوونی زیاتری خوێنەر، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین چەمکی دادگەری دەستوری هەڵگری چەند مانایەکە، لەلایەك ئاماژەیە بۆ ئەو دادگا باڵایانەی دەوڵەت کە مومارەسەی دادگەری (قضاء) دەستوری دەکەن، وەك دادگای باڵای ئەمریکی و دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، کە کارەکانیان بەر مەبنای دەستور ئەنجامدەدەن، راڤەی بنەما دەستورییەکان دەکەن، خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندین لەوانە: بەگوێرەی بنەما دەستورییەکان دادەمەزرێن، پێویستە بە ئەحکامەکانییەوە پابەندبن، دەشبێت لە کاتی کارکردنیدا بەرێکارە دەستورییەکانەوە پابەندبن (Peter Haberle, 2010, 67-68). هاوکات چەمکی دادگەری دەستوری ئەو ئەنجومەنە دەستوریانەش دەگرێتەوە کە هەندێ لە سیستمە دەستورییەکان دروستیان کردون بۆ ئەنجامدانی چەند ئەرکێکی دەستوری دیاریکراو، وەك ئەنجومەنی دەستوری فەرەنسا. ئەدای ئەم ئەنجومەنانە بەجۆرێك گەشەیان سەند کە هیچیان لەو دادگا دەستوریانە کەمتر نییە کە لە سیستمە دەستورییە جیاوازەکاندا پێکهێنراون، بۆیە ناشێت بەتەنها لەرووی ستراکچەری ئۆرگانییەوە سەیری ئەم جۆرە دادگەرییە بکەین، چونکە دەشێت هەر دادگایەك یان ئەنجومەنێك کە مومارەسەی ئەرك و تایبەتمەندییەکانی دادگەری دەستوری دەکات ناوی دادگەری دەستوری لێبنێین (Ibid, 68).

بەمپێیە دادگەری دەستوری بە مانای مومارەسەکردنی ئەرك و وەزیفەی دادوەری دێت لەلایەن دەستەیەکی سەربەخۆوە، ئیدی ئەو دادگەرییە دەستورییە دادگایەك نوێنەرایەتی بکات یان ئەنجومەنێك گرنگ نییە. یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی دەسەڵاتی دادوەری، چونکە کۆمەڵێك تایبەتمەندی و ئەرکی گرنگی پێسپێردراوە، لەسەرو هەموویانەوە چاودێری کردنی دەستوری بوونی یاساکان و پەیڕەوەکان (الأنظمة)، ئەمەش دەیکاتە پاسەوانی پاراستنی پرەنسیپی باڵایی دەستور، کە یەکێکە لەگرنگترین پرەنسیپەکانی یاسای دەستوری. ئەمە وێڕای ئەوەی دادگەری دەستوری هەڵدەستێت بە دانانی کۆمەڵێك بنەما لەپێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان و گەرنتیکردنیاندا. بێگومان ئەم کارە گرنگانەش لەرێگای چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساکان و راڤەکردنی دەقە دەستورییەکان و راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و یەکلاکردنەوەی سکاڵاکانی تایبەت بە هەڵبژاردن ئەنجامدەدات، کە دادگەری ئاسایی توانای ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەی نییە.

لێرەوە گرنگە وردتر لە دادگەری دەستوری تێبگەین، بەتایبەت لەو رووەوە کە پێناسەکەی بەگوێرەی گۆشەنیگاکان گۆڕانکاری بەسەردادێت. بەگشتیش دوو گۆشە نیگا هەیە:

یەکەم: لە گۆشەنیگایەکی ئۆرگانیکەوە تەماشای دەکات و دادگەری دەستوری وەك دەستەیەك یان قەوارەیەکی مادی و بەرجەستە دەبینێت.

دووەم: لە گۆشەنیگایەکی بابەتییەوە تەماشای دەکات و بەگوێرەی کار و چالاکییەکانی پێناسەی دەکات (محمد باهي ابو يونس، ٢٠١٣، ٥).

**یەکەم: ئاراستەی ئۆرگانی:**

بەگوێرەی ئەم ئاراستەیە دادگەری دەستوری بەواتای بوونی دادگایەك یان دەستەگەلێکی دادوەری دێت کە شەونخونی لەپێناو پاراستنی باڵایی دەستوردا دەکات (د.محمد شفيق، ٢٠١٢، ٧)، یان ئەو لایەنە دادوەرییە کە دەستور بەتایبەت دەقی لەسەرداوە کە چاودێری ڕەوایەتی (الشرعية) دستوری بکات، کاتێك چاودێریکردن ناوەندییە (دادگەرییەکی دەستوری پسپۆڕ) (د.عصمت عبدالله الشيخ، ٢٠٠٣، ٧) یان ئەو دەستە دادوەرییە

تایبەتەیە کە دەستور پێکیدەهێنێت و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکات و گرەنتی مانەوەو سەربەخۆیی ئەندامەکانی دەکات (ادمون رباط، ١٩٦٥، ٤٩٠).

بەمپێیەو بەگوێرەی ئەم پێناسەیە بێت، دادگەری دەستوری دوو مانای هەیە: یەك: دادگەری دەستوری هیچ نییە جگە لە دادگایەك، واتە بەدەر لە دادگا یان لایەنێکی دادوەری، هیچ دامەزراوەیەکی دی بە دادگەری دەستوری لەقەڵەم نادرێت، ئەگەر ئەرکی چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساکانیشی پێسپێردرابێت. بەمپێودانگەیە، دادگای باڵای فیدراڵی عێراق و دادگای دەستوری میسرو هاوشێوە ئیتاڵی و ئەڵمانییەکەی دەچنە خانەی دادگەری دەستورییەوە، بەڵام ئەنجومەنی دەستوری فەرەنسا ناچێتە خانەی ئەو جۆرە دادگەرییەوە، چونکە دادگا نییەو پێکهاتیەکی دادگەری پەتی نییە. هەربۆیەش جۆری چاودێرییەکەی لەسەر دەستوری بوونی یاساکان بەچاودێرییەکی سیاسی لەقەڵەمدراوە نەك دادوەری (لیون دیکی، ١٩٨١، ١٥٢).

دوو: هیچ دادگایەك ناڕواتە خانەی دادگەری دەستورییەوە ئەگەر تایبەتمەند نەبێت بە چاودێریکردنی دەستوریی بوونی یاساکان، بەمانای ئەوەی ئەگەر توانای یەکلاکردنەوەی کێشەو بابەتە مەدەنی و سزایی و کارگێڕییەکانیشی هەبوو ئەوا ناڕواتە خانەی دادگەری دەستورییەوە. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە بێت ئەوا دادگای باڵای فیدراڵی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ناڕواتە چوارچێوەی دادگەری دەستوری پەتییەوە. چونکە دادگایەکی تایبەتمەند نییە و ئەرکی دیکەش ئەنجامدەدات وەك دەردەکەوێت ئەم ئاڕاستەیە ئاڕاستەیەکی تەنگ و تەقلیدییە ناتوانێت تانوپۆی دادگەری دەستوری پێناسە بکات (F.Rubio Liorente, 1988, 156).

دووەم: ئاڕاستەی بابەتی:

ئەم ئاڕاستەیە جەخت لەسەر ئەرك و کاری دادگەری دەستوری دەکاتەوە، بەبێ بەهەندوەرگرتنی ئەو لایەنەی ئەرکەکە ئەنجامدەدات. لەم ڕوانگەیەشەوە پێناسەی دادگەری دەستوری دەکەن بەوەی کە بریتییە لە: کۆی ئەو بنەما یاساییانەی لە بڕیار و حوکمی دادگاکان هەڵێنجراون لەبواری دەستوریدا (ماجد راغب الحلو، ١٩٩٧، ١١)، یان کۆی ئەو دادگایانەن (بەجیاوازی جۆرو پلەیانەوە) کاریان منەکردنی (فحص) مەسەلەی دەستوریی بوونە کاتێك چاودێریەکە ناناوەندییە (دادگەری دەستوری ناپسپۆڕ) (د.عصمت عبدالله الشیخ، ٢٠٠٣، ٧).

کەواتە لە ڕوانگەی بابەتییەوە دادگەری دەستوریی بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە یەکلاکردنەوەی گرفت و تەنگەژە دەستورییەکان، واتە زاراوەیەکە جەخت لەسەر تایبەتمەندی دەکاتەوە نەك لەسەر ئەو لایەنەی کارەکەی ئەنجامداوە، بەمانای ئەوەی چەمکی دادگەری دەستوری جەخت لەسەر یەکلاکردنەوەی گرفتە دەستورییەکان دەکاتەوە، بەبێ بەهەندوەرگرتنی ئەو لایەنەی گرفتە دەستورییەکان یەکلایی دەکاتەوە، ئیدی جیاوازی نییە دادگاکە دادگایەکی داوەری پەتی بێت یان تێکەڵاو، لێرەوە وەك چۆن دادگای باڵای فیدراڵی عێراق و دادگای دەستوری میسر دەچنە خانەی دادگەری دەستورییەوە، بەهەمان شێوەش ئەنجومەنە دەستورییەکانیش لەوێنەی ئەنجومەنی دەستوری فەرەنسی دەچنە خانەی دادگەری دەستورییەوە. هەروەها دروستیشە بە دادگایەك کە بەتەنها چاوێریی دەستوری بوونی یاساکان دەکات بڵێین دادگەری دەستوری، دروستیشە بەو دادگایانش بڵێین دادگەری دەستوری کە بەتەنیشت ئەرکی چاودێرکردنی دەستوریبونی یاساکانەوە، ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدەن، لەوێنەی دادگای باڵای فیدراڵی ئەمریکا (أدلر مور تمرج، ١٩٨٧، ١٥١ ). بەمجۆرە دەبینین دادگەری دەستوری بەمانا بابەتییەکەی فراوانترو گشتگیرترە لەمانای دادگەری دەستوری بەمانای ئۆرگانیەکەی.

لە کۆتاییدا پوختەی ئەم داواکراوەئەوەیە یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی سیستمی دادوەری بریتییە لە دادگەری دەستوری، ئەم جۆرە لەدادگەریش هەڵگری چەند مانایەکە، لەلایەك ئاماژەیە بۆ ئەو دادگا باڵایانەی دەوڵەت کە مومارەسەی دادگەری دەستوری دەکەن، وەك دادگای باڵای ئەمریکی، لەلایەکی تریش ئەو ئەنجومەنە دەستوریيانەش دەگرێتەوە کە هەندێ لە سیستمە دەستورییەکان دروستیان کردون بۆ ئەنجامدانی چەند ئەرکێکی دەستوری دیاریکراو، وەك ئەنجومەنی دەستوری فەرەنسا. بۆیە ناشێت بەتەنها لەڕووی ستراکچەری ئۆرگانییەوە سەیری ئەم جۆرە دادگەرییە بکەین، دەشێت هەر دادگایەك یان ئەنجومەنێك کە مومارەسەی ئەرك و تایبەتمەندییەکانی دادگەری دەستوری دەکات ناوی دادگەری دەستوری لێبنێین.

## تەوەری دووەم: سروشتی دادگای دەستوری:

لە چوارچێوەی یاسای گشتیدا، دادگەری دەستوری بڵندترین و پایەدارترین جۆری دادگەرییە. لە جۆرەکانی دیکەی دادگەرییە بەوە جوێدەکرێتەوە کە حوکمەکانی بەرمەبنای دەستورن. دەستوریش بەشێوەیەکی گشتی، بریتییە لە کۆمەڵێك پرەنسیپ و بەهای باڵا، واتە دەستور زۆر بەدەگمەن نەبێت ناڕواتە ناو وردەکارییەکانەوە. هاوکات دەشێت بە دادگەری مافەکانی مرۆڤیش لە قەڵەمی بدەین، هەر لەبەر ئەم ئەرکە گرنگەشە، بە دادگەری پاراستنی ڕەوایەتی و پارێزەری دەستوریش ناوزەند دەکرێت، چونکە ڕێگری دەکات لەوەی دەسەڵاتی سیاسی خراپ تواناکانی بەکاربهێنێت بۆ پێشێلکردنی ماف و ئازادییە گشتیەکان.

بێگومان وێڕای ئەوەی کە دادگەری دەستوری سروشتێکی یاسایی هەیە، واتە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساکان ڕەهەندێکی یاسایی هەیە، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە ئەم کارە پێویستی بە شارەزاییەکی زانستی و هونەری هەیە، دادوەرانیش لەمڕووەوە شارەزاییەکی باشیان لە یاسا و دەستوردا هەیە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە دادوەرەکان گەرەنتی و پارێزبەندیان هەیە، گرنگی ئەم پارێزبەندییەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە سەربەخۆییان دەسەبەر دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت ئەوە ڕەتبکەینەوە چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساکان ڕەهەند و سروشتێکی سیاسیشی هەیە، ئەمەش وادەکات کە دادگەری دەستوری بکەوێتە ژێر کاریگەی فاکتەرە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان (د.عاطف سالم عبدالرحمن، ٢٠١٠-٢٠١١، ٩).

هاوکات هەندێ لە پسپۆڕانی یاسای دەستوری (د.سلیمان الطماوي، ١٩٨٨، ٣٠٠)، دادگەری دەستوریان بە دادگەری سیاسی لە قەڵەمداوە (د.عصام سلیمان، ١٩٨٩، ٢٧)، بێگومان ئەمەش لەبەرئەوەی کێشە

سیاسییەکان یەکلادەکاتەوە، ئەمەش ئەوە ئاماژەیە دەدات کە ئەم دادگەرییە بەسیاسی کراوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری سیاسەتەوە. بەڵام ئەبێت ئاگامان لە خاڵێك بێت کە مایەی ناکۆکی نێوان دادگەری دەستوری و دادگەری بەسیاسیکراوە، کە بریتییە لەوەی ئەوانەی بڕوایان وایە دادگەری دەستوری سروشتێکی یاسایی هەیە، جەخت لەوە دەکەنەوە دەبێت سیاسەت ملکەچی یاسا بێت، واتە پرۆسەی سیاسی و دامەزاروە دەستورییەکان بەگوێڕی یاسا بێت و لە قاڵبی یاسا بدرێن نەك بەپێچەوانەوە. لەکاتێکدا ئاڕاستەی دووەم کە کار لەسەر ملکەچپێکردنی یاسا بۆ سیاسەت دەکات (بە سیاسیکردنی یاسا)، بەگوێرەی ئەم بۆچونەبێت، دادگەری ناتوانێت ببێتە لایەنێکی سەربەخۆ و ئازادانە کێشەکان یەکلابکاتەوە. بەپێچەوانەوە لەم دۆخەدا دادگاکان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکەن (د.عدنان عاجل عبید، ٢٠٠٨، ٢٠٧). بەڵام لەڕاستیدا، ئەوەی ئەم مەسەلە تیۆرییە یەکلادەکاتەوە، بریتییە لەجوێکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکدی و هاوسەنگی ڕاگرتنی نێوانیان و سەربەخۆییانە کارکردنی دەسەڵاتی دادگەری و دادوەرانی دادگەری دەستوری، بەبێ گوێدانە ئەوەی بڕیارەکانی بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر لایەنێك یان پارتێکی سیاسی دەکەوێتەوە، بەڵکو ئەبێت خەمی سەرە تاو کۆتایی بەرزڕاگرتنی پڕەنسیپی باڵایی دەستوری بێت (د.مها بهجت یونس و محمد سالم کریم، ٢٠٢٠، ٥٤٢).

بۆیە لەسەر دادوەرانی دادگەری دەستوری پێویستە، کە بەیەك دووری لەهەموو دەسەڵاتەکان بوەستن و تەنها حساب بۆ پێودانگە یاساییەکان بکەن، چونکە کاری ئەوان بەتەنها جێبەجێکردنی یاسایە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان، ئەوان بەتەنها پشکنینی ئەوە دەکەن، ئایا ئەو کارە یاساییە و بەگوێرەی ڕێوشوێنە دەستوریەکان ئەنجامدراوە یاخود نا. ئایا ئەو کارە بنەماو پابەندییە دەستوریەکانی تێدا ڕەچاوکراوە یان نا (د.نبیل عبدالرحمن حیاوی، ٢٠٠٧، ٤٦). بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ڕەتناکاتەوە کە کاری دادگەری دەستوری جێکەوتی سیاسی هەیە، واتە کارە کەی یاساییە بەڵام جێکەوتی سیاسیشی هەیە، بەکورتی کاری دادگەری دەستوری ئاسان نییە و دەبێت هاوسەنگی لەنێوان پێودانگە یاسایی و سیاسیەکاندا ڕابگرێت.

ئەمە جگە لەوەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی دادگەری دەستوری کە چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساکانە، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ریفۆرمی یاسایی و سیاسی، بەتایبەت کاتێك دادوەری دەستوری راڤەی دەستور دەکات، ئەوا بەو جۆرە راڤەی دەکات کە بەرژەوەندی گشتی بەرجەستە بکات و ڕێگری دەکات لەوەی دەسەڵاتداران بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان بهێننەدی. بەڵام ئەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت ناتوانین لە رۆڵی راستەقینەی دادگەری دەستوری بگەین، ئەگەر لەو پرۆسەو ژینگە سیاسیە نەگەین کە دەستورەکەی بەرهەمهێناوە (Sofia Amaral Garsia, 2008, 89).

زۆر گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە لە بنەڕەتدا دادگەری دەستوری زادە و لەدایکبووی ئەو وڵاتانەیە کە بەرەو دیموکراسیی راستەقینە هەنگاویان دەنا، بۆ ئەمەش پێویستیان بە دامەزراوەیەکی بەمجۆرە هەبوو، کە سنور بۆ دەسەڵاتی سیاسی دابنێت و بەتەنیشتییەوە ماف و ئازادی بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، هاوکات لەکاتی بوونی ناکۆکی هاوسەنگیش لەنێوان دەسەڵاتەکاندا بێنێتە کایەوە (Tom Ginsburg, 2002, 32).

بۆچونی ئێمە بەوجۆرەیە کە یاسایی بوون و سیاسی بوونی دادگەری دەستوری لەرووی تیۆرییەوە کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، چونکە لە بنەمادا دەستور وەك دیکۆمێنتێك، بەرجەستەکردنی دۆخی سیاسییە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا، واتە نەك لە دادگەری دەستوریدا کە لقێکە لە لقەکانی یاسای گشتی، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ناتوانین هێڵێکی جیاکەرەوەی روون لەنێوان یاسای گشتی و سیاسەتدا دابنێین، واتە هەمیشە تێهەڵکێشی یەکدین. بەڵام هاوکات ئەتوانین جەخت لەوە بکەینەوە، کە بوونی دادگەری دەستوری و شێوازی کارکردنی دەتوانێت دەوڵەتی دیموکراسی لە دەوڵەتی دیکتاتۆری بەڕوونی جیابکاتەوە، واتە ئەگەر دادگەری دەستوری سنوری بۆ دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتداران دانا، هاوکات ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیانیشی پاراست، ئەوا رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە هێنانەکایەی دەوڵەتی یاسا و بەسەنتەرکردنی هاوڵاتیدا، کە ئەمەشی کرد ئەوا هیچ کێشەیەك لەنێوان یاسایی بوون و سیاسی بونەکەیدا نامێنێتەوە، چونکە لەبنەڕەتدا دەوڵەت بەگشتی بۆ ئەوە دروست بووە کە بەگوێرەی یاسا لەخزمەتی هاوڵاتیاندا بێت.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا بەو ئەنجامە دەگەین وێڕای ئەوەی کە دادگەری دەستوری سروشتێکی یاسایی هەیە، بەڵام ناکرێت ئەوە ڕەتبکەینەوە چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساکان رەهەند و سروشتێکی سیاسیشی هەیە، ئەمەش وادەکات کە دادگەری دەستوری بکەوێتە ژێر کاریگەی فاکتەرە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام هاوکات یاسایی بوون و سیاسی بوونی دادگەری دەستوری لەڕووی تیۆرییەوە کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، چونکە لە بنەمادا دەستور وەك دیکۆمێنتێك، بەرجەستەکردنی دۆخی سیاسییە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا.

<u>تەوەری سێیەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی دادگای دەستوری:</u>

دادگەری دەستوری بەشێوەیەکی گشتی دادگەرییەکی تایبەتمەندە، نە دادگەرییەکی ئاساییە و نە دادگەرییەکی هەڵاوێردکراو (استثنائي)ە. هەر بۆیە هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندیە کە جیای دەکاتەوە لە دادگەرییەکانی تر، لێرەوە ئێمە لەم داواکراوەدا ئەو کۆمەڵە تایبەتمەندییە گشتییە دەخەینەڕوو کە لەکۆی دادگا و ئەنجومەنە دەستورییەکاندا بوونیان هەیە، تایبەتمەندییەکانیش بۆ تایبەتمەندییە بابەتی و رواڵەتییەکان پۆلێن دەکەن:

یەکەم: تایبەتمەندییە بابەتییەکان:

تایبەتمەندییە بابەتییەکان بەشێویەکی گشتی دوو تایبەتمەندی سەرەکیان هەیە کە بریتیین لە: پسپۆڕی لە ناکۆکییە دەستورییەکاندا، کە گرنگترین تایبەتمەندیشیەتی، تایبەتمەندی دوەمیش بریتییە لەوەی بڕیارەکانی دادگەری دەستوری یەکلایی کەرەوەن، واتە بەهیچ جۆرێك تانەیان لێنادرێت:

١- پسپۆڕی لە ناکۆکییە دەستورییەکاندا:

بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی وڵاتان دوو جۆر دادگەری هەیە، دادگەری ئاسایی و دادگەری تایبەتمەند. دادگەری ئاسایی بریتییە لە دادگا

سەرەتاییەکان، و دادگاکانی تێهەڵچوونەوە (الأستئناف)، و دادگاکانی پێداچوونەوە (التمیز) کە هەموو جۆرە ناکۆکییەك یەکلادەکەنەوە و هەموو سکاڵایەك دەبینن. جگە لەو ناکۆکیانەی کە بۆ دادگەری تایبەتمەند و پسپۆڕ دانراون. دادگەری دەستوریش یەکێکە لە دادگەرییە تایبەتمەندەکان کە دادگاو ئەنجومەنە دەستورییەکان نوێنەرایەتی دەکەن. لێرەوە دەشێت بڵێین دادگەری تایبەتمەند بەتەنها دەتوانێت ئەو ململانێیانە یەکلابکاتەوە کە دەستورو یاسا بۆیان دەست نیشانکردوە.

"تایبەتمەندیش بریتییە لەشیاوەیتی دادگا بۆ بینی سکاڵا بەگوێرە ی یاسا" (یاسای بنەماکانی دادبینی شارستانی و بازرگانی عێراقی هەڵوەشاوە ژمارة ٨٨ بۆ ساڵی ١٩٥٦، ٢٠ / برگەی یەکەم)، لێرەوە دادگا ئاساییەکان دەتوانن هەموو ناکۆکییەك ببینن جگە لەو ناکۆکییانەی کە بۆ دادگای تایبەتمەند دانراون. بەڵام دادگەری دەستوری دادگەرییەکی تایبەتمەندەو بەتەنها جۆرێکی دیاریکراو لەناکۆکی یەکلادەکاتەوە کە بە ناکۆکییە دەستورییەکان ناسراون و خودی دەستور بۆی دەسنیشانکردوە.

پسپۆڕیش وەك بنەمایەکی بنەڕەتی دادگەری دەستوری، ئەگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپەکانی یاسای مەدەنی ئەوروپا، لەو سیستمە یاساییانەدا بوونی هەیە کە لەسەر پرەنسیپەکانی یاسای مەدەنی دامەزراوە، بۆ نمونە لەفەرەنسا دادگای دادگەری مەدەنی هەیە، ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسیش تایبەتە بە دادگەری کارگێڕی و ئەو ململانێیانە یەکلادەکاتەوە کە لەنێوان یاسای تایبەت و یاسای گشتی (کارگێڕی) دێنەکایەوە. هاوکات خاوەنی ئەنجومەنی دەستوریشە، کە ململانێ دەستورییەکان یەکلادەکاتەوە. هەروەها ئەڵمانیاش خاوەنی شەش یاسای جۆراوجۆرە و هاوکات دادگای دەستوریشی هەیە کە تایبەتە بە ناکۆکییە دەستورییەکان (Edward Mcwhinnet, 1986, 27).

هەرچی ئەو دەوڵەتانەیە کە خاوەنی سیستمی یاسای گشتین و دادگاکانی لەسەر بنەمای دادگەری گشتی بونیاتناوە، سەلاحیاتەکانی دادگەری تایبەتمەندی گشتیبون و بنەڕەتی بوون و تێهەڵچونەوانە (استئنافیە)یان هەیە، هەموو لقەکانی یاسا لەخۆ دەگرێت، ئەوا ئەوانیش لەگەڵ پێشکەوتنی سیستمەکانیاندا بەرەبەرە پێوەری تایبەتیان داناوە بۆ دادگاکان و پسپۆڕیان لە بوارە گشتییەکاندا سنوردارکراوە، وەك دادگای باڵای ئەمریکی کە بەرەبەرە پسپۆڕییەکەی گەشەی سەندو زیاتر وەك دادگایەکی دەستوری تایبەتمەند دەرکەوت، بێگومان ئەمەش بەهۆی گرنکی و هەستیاری یاسای دەستوری و ناکۆکییە دەستورییەکانەوەیە (Ibid, 28).

لێرەوە تایبەتمەندی، بوون بەیەکێك لەئەدگارە سەرەکییەکانی دادگا و دەستەکانی دادگەری دەستوری، دەستورەکان راستەوخۆ بە دەق تایبەتمەندی دادگا دەستورییەکانیان یەکلادەکەنەوە لەمرووەشەوە نموونە زۆرن، لەوانە: مادەی (٩٣) دەستوری ساڵی ١٩٤٩ کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ تایبەتمەندیەکانی دادگا دیاری دەکات کە بریتین لە راڤەکردنی دەستور و بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە یاسای هەرێمەکان و یاسا فیدراڵەییەکان لەگەڵ دەستور دێنەوە یاخود نا (دەستوری کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی ساڵی ١٩٤٩، ٩٣).

هەروەها دادگای دەستوری ئیتالیاش کە بە گوێرەی دەستوری ساڵی ١٩٤٧ پێکهێنراوە بەهەمان شێوە تایبەتمەندە بە بابەتە دەستورییەکان. هەرچی پەیوەستیشە بەدادگای باڵای فیدراڵی عێراقەوە، ئەوا بەگوێرەی مادەی (٩٣) دەستوری ٢٠٠٥ تایبەتمەندیەکانی دەسنیشانکراوە، کە بریتییە لە چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساکان و پەیڕەوکان، راڤەکردنی دەستور، یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لەنێوان پارێزگاگان و هەرێمەکان و دەوڵەتی ناوەندیدا دروست دەبن، یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران دەکرێن، راستاندنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، یەکلاکردنەوەی پسپۆڕی نێوان دادگای فیدراڵی و دادگای هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا رێکنەخراون، یەکلاکردنەوەی پسپۆڕی نێوان دادگای هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لەهەرێمێکدا رێك نەخراون.

لێرەوە ئەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تایبەتمەندی یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی کاری دادگەری دەستوری، بەجۆرێك ئەگەر دادگەری ئاسایی بەگشتی کار لەسەر بەجێگەیاندنی رەوایەتی یاسایی بکات لەسەر بنەمای باڵایی یاساکان، ئەوا ئامانجی سەرەکی دادگەری دەستوری بریتییە لە بەجێگەیاندنی رەوایەتی دەستوری لەسەر بنەمای باڵایی دەستور (Frank Cass, 2002, 80).

٢- بڕیارکانی دادگەری دەستوری بڕیاری یەکلاکەرەوەن:

بنەمای پلەبەندی دادگەری لەگرنگترین گرەنتییەکانی بەجێهێنانی دادگەرییە، چونکە دادگای باڵاتر چاودێری کارەکانی دادگای نەویتر دەکات، ئەمەش ماف بۆ لایەنی ناکۆك (خصم) دەسەبەردەکات لە دادگایەکی باڵاتر تانە لە بڕیاری دادگا نەوییەکە بدات. لەلایەکی دی، بەشێوەیەکی گشتی رێکخستنی دادگەری گشتی (دادگەری شارستانی، تاوانکاری، کارگێڕی) دوو پلەی هەیە، ئەمەش لەپێناو ئەوەی کە بڕیارکانی دروست و بەدیهێنەری دادپەروەری بن. ئەمەش پێچەوانەی کاری دادگەری دەستورییە، چونکە بڕیارکانی یەکلاکەرەوەن و شایستەی تانە لێدان نین لەهیچ لایەنێکەوە (د.بشير علي باز، ٢٠٠٥، ٦٣). لێرەوە تایبەتمەندی یەکلاکەرەوە یەکێکە لەتایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دادگەری دەستوری، ئەمەش لەوێوە دێت کە بڕیارەکانی ئەم دادگەرییە گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە بنەمای رەوایەتی (المشروعية) دەستوری دەپارێزێت (د.بشير علي باز، ٢٠٠٥، ١٩). ئەمە وێرای ئەوەی ئەگەر بڕیارەکانی شایەنی تانەلێدان بن، ئەوا هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ فەلسەفەی بوونی دادگای دەستوری لە لوتکەی هەرەمی دادگەری دەستوریدا (د.مها بهجت يونس و محمد سالم، کريم، ٢٠٢٠، ٥٣٣).

لەمرووەوە هەر یەك لە بڕیارەکانی دادگای دەستوری ئەمریکا (وزارة الخارجية الأمريكية، ١١٤) و ئەنجومەنی دەستوری فەرەنسا (دەستوری فەرەنسا بۆ ساڵی ١٩٥٨، ٦٢) یەکلاکەرەوەن. هەروەها بەگوێرەی مادەی (٩٤) دەستوری ٢٠٠٥ عێراقیش بڕیارە کانی دادگای باڵای فیدراڵی یەکلاکەرەوەن و دەبێت هەمو دەسەڵاتەکان پێوەی پابەندبن. لەمرووەشەوە دادگاکە لە یەکێك لە بڕیارکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە "…. بڕیاری دادگا لە هەموو رویەکەوە یەکەیەکی تەواوکارییە و ناکرێت دابەشبکرێت، ئەمە جگە لەوەی بڕیارە کانی یەکلاکەرەوەیە و دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان پێوەی پابەندبن…." (دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، ٢٠١٣، ١١٣).

دووەم: تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکان:

دەشێت تایبەتمەندییە ڕواڵەتیەکانی دادگەری دەستوری لە دوو تایبەتمەندیدا چڕبکەینەوە: یەکەم: گرنگیدانی دەستوڕکان بەپێکهێنانی دادگاکان و دەستەکانی دادگەری دەستوری. دووەم: فرەچەشنی ئەندامێتیان.

١- گرنگیدانی دەستور بە دادگەری دەستوری:

یاساکانی دەسەڵاتی دادگەری کاروباری دادگا جۆراوجۆرەکان ڕێکدەخات تا دەگات بە دادگەری دەستوریش. دەستوڕکان بەتەنها هێڵە گشتییەکانی دەسەڵاتی دادگەریی دەستنیشان دەکەن، وئەویدی جێدەهێلن بۆ یاساکان، بەڵام لەبەر پێگە بەهێزەکەی و ئەو ڕۆڵە هەستیاری لە ڕێکخستنی پرۆسەی دەستوریدا دەیگێڕێت، گرنگییەکی زیاتر دەدات بە دادگەری دەستوری (د.سليمان الطماوی، ١٩٨٨، ٢٧٥).

دادگەری دەستوری باڵاترین دادگەرییە لە چوارچێوەی دادگەری گشتیدا، هەمیشە یەکێك لە ناکۆکەکانی (الخصوم) بریتییە لەدەسەڵاتی گشتی، ئامانجی ئەم جۆرە دادگەرییە بەرزڕاگرتنی ڕەوایەتی دەستوری و قوڵکردنەوەی چەمکی دیموکراسیەت، جەختکردنەوەیە لەسەروەری گەل و گەرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکانە. لەبەر ئەم هۆکارە گرنگانەش دادگەری دەستوری لە کۆی دادگەرییەکانی دی جیادەبێتەوە، خودی دەستور پێگەکەی لەڕووی بوون و ڕێکخستن و ئەرکەکانی دیاریدەکات (د.ابراهيم محمد علي، ٧). لێرەوە گرنگە ئاماژە بەوە بکەین هەمیشە یاسادانەری دەستوری ئەو بابەتانە بۆ یاسادانەری ئاسایی بەجێدێلێت کە بەگوێرەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام پێکهێنانی دادگای دەستوری شتێك نییە بەسانایی گۆڕانکاری بەسەردابێت، پاشان لۆژیکی نییە پێکهینانی دەستەیەك کە ئەرکەکەی پاراستنی دەستور بێت، بەجێبهێڵدرێت بۆ یاسادانەری ئاسایی (د.عصمت عبدالله الشيخ، ٢٠٠٣، ٢٠).

هەر بۆیەش زۆرینەی زۆری دەستورەکان کاریان بەم بنەمایەی سەرەوە کردوە، هەر بەنموونە: بەگوێرەی مادەی (٥٦) دستوری ١٩٥٨ فەرەنسا، ئەنجومەنی دەستوری لە (٩) ئەندام پێکدێت و ماوەی ئەندامێتیان (٩) ساڵە و بەهیچ جۆرێك تازە ناکرێتەوە. هەر خودی ئەم مادەیەش شێوازی دامەزراندن و میکانیزمی تازە بونەوەی ئەندامێتی ئەنجومەنی دەستوری ڕونکردۆدتەوە.

دەستوری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش (١٧٨٩) دەقی لەسەر پێکهێنانی دادگای باڵا داوە، بەڵام دروستکردنی دادگا پلە نەوییەکانی بۆ یاساکان بەجێهێشتوە (دەستوری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ٣). ئەمە بۆ دەستوری (٢٠٠٥) عێراقیش ڕاستە و گرنگییەکی زۆری داوە بە شێوازی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵی، لە برگەی دووەمی مادەی (٩٢) دا پێناسەی دادگاکەی کردوە، ئەوەشی ڕونکردۆتەوە کە لە چەند دادوەرێك و ژمارە یەك شارەزای فیقهی ئیسلامی و شارەزای یاسا پێکدێت. هەر خودی ئەو برگەیە ئاماژەی بەوەش کردوە کە دیاریکردنی ئەرك و شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی بۆ یاسایەك بەجێهێشتوە کە کارەکانی دادگاکە ڕێکدەخات.

٢- فرەچەشنی ئەندامەکانی:

بەتەنها دادوەر ئەندامی دادگا ئاساییەکانە، لەکاتێکدا دەشێت لە دادگاو ئەنجومەنە دەستورییەکاندا مافی ئەندامێتی بدرێت بە کەسانێك دادوەریش نەبن. بگرە لە هەندێ وڵاتدا ئەوە بەمەرج نەگیراوە ئەندامانی ئەو دادگایە شارەزای یاساش بن. بەڵکو زۆر جارە هۆکارە سیاسییەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە هەڵبژاردنی ئەندامی دادگا دەستورییەکاندا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی شێوازی سیاسی بەسەر پێکهێنانی زۆرێك لە دادگاکاندا زاڵە، یان لەڕێگای دەسەڵاتی سیاسییەوە پێکدەهێنرێت (د.عاطف سالم عبدالرحمن، ١٢). بۆ نموونە لەمیسر لەڕێگای سەرۆکی وڵات، لەئەڵمانیاو سویسراش لەڕێگای پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن، بەجۆرێك دادگاکە لەچەند ڕهگەزێکی جیاواز پێکدێت بەبێ ئەوەی ئەوە بەمەرج بگیرێت کە شارەزای یاسابن (د.رمزي طه الشاعر، ٢٠٠٥، ٩١٥). دادگای دەستوری ئەڵمانیا لە ٢٨ ئەندام پێکدێت، بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان هەردوو ئەنجومەنی پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا هەڵدەبژێردرێن بەو مەرجەی ٨ ئەندامیان بۆ هەتاهەتایە ئەندام بن (دەستوری ئەڵمانیای بۆ ساڵی ١٩٤٩، ٩٤).

هەرچی سەبارەت بە دادگای باڵای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە، ئەوا سەرەتا لە سەرۆکێك و پێنج ئەندام پێکدەهات و ئەندامەکانیشیان دەگۆڕدران، تا ئەو کاتەی لە ساڵی (١٨٦٩) ژمارە کە بە سەرۆکێك و ٨ ئەندام دیاریکرا، دەستور هیچ شتێك سەبارەت و بەتوانستەکانی دادوەرانی ئەو دادگایە باس ناکات. هیچ بەڵگەیەکیش نییە ناچاریان بکات بەوەی ئەندامانی ئەو دادگایە دەبێت لە پسپۆڕانی یاسابن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە دادوەرانی ئەو دادگایە لەپارێزەرە کان بوون (وزارة الخارجية الأمريكية، ١١٤).

هەرچی سەبارەت بە ئەنجومەنی دەستوری فەڕەنساشە ئەوا لە ٩ ئەندام پێکدێت، سیانیان سەرۆك کۆمار، سیانیان لەلایەن سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانی، سیانیان لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانەوە دەستنیشان دەکرێن. بەتەنیشت ئەمانیشەوە سەرۆك کۆمارەکانی پێشوو مافی ئەوەیان هەیە ببنە ئەندامی هەمیشەیی ئەو ئەنجومەنە دەستورییە (دەستوری فەڕەنسا بۆ ساڵی ١٩٥٨، ٥٦). هەروەها مادەی (٩٢) دەستوری (٢٠٠٥)ی عێراقیش پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵی ڕونکردۆتەوە کە لەچەند دادوەر و شارەزای شەریعەتی ئیسلام و شارەزای یاسا پێکدێت.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە دادگەری دەستوری بەشێوەیەکی گشتی دادگەرییەکی تایبەتمەندە. بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری کۆمەڵێك ئەدگار و تایبەتمەندی بابەتی و ڕواڵەتییە. تایبەتمەندییە بابەتییەکانی بریتیین لە پسپۆڕی لە ناکۆکییە دەستورییەکاندا. دووەمیش بریتییە لەوەی بڕیارهکانی یەکلایی کەرەوەن، واتە بەهیچ جۆرێك تانەیان لێنادرێت. دەتوانین تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانیش لە دوو تایبەتمەندیدا چڕبکەینەوە یەکەم: گرنگیدانی دەستوڕکان بەپێکهێنانی دادگاکان و دەستەکانی دادگەری دەستوری. دووەمیش بریتییە لە فرەچەشنی ئەندامێتیان.

لە کۆتایی سەرباسی یەکەمدا ئەگەینە ئەو ئەنجامەی دادگەری دەستوری پایەیەکی سەرەکی سیستەمی دادوەرییە، هەر دادگایەك یان ئەنجومەنێك

مومارەسەی ئەرك و تایبەتمەندییەکانی دادگەری دەستوری دەکات دەشێت ناوی دادگەری دەستوری لێبنێین. گرنگە ئەوەش بڵێین کە ئەم جۆرە دادگەرییە سروشتێکی یاسایی هەیە، بەڵام هاوکات سروشتێکی سیاسیشی هەیە. بەڵام ئەم یاسایی بوون و سیاسی بوونە لەرووی تیۆرییەوە کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، چونکە لەبنەمادا دەستور بەرجەستەکەری دۆخی سیاسییە لەچێوەیەکی یاساییدا.

دادگەری دەستوری بەگشتی دادگەرییەکی پسپۆڕە و پسپۆڕییەکەشی بریتییە لە یەکلای یکردنەوەی ناکۆکییە دەستورییەکان و بڕیارکانیشی یەکلاییکەرەوەن. دوو تایبەتمەندی رواڵەتیشی هەیە، کە لە گرنگیدانی دەستور بە پێکهێنانی دادگای دەستوری و فرەچەشنی ئەندامێتی ئەو دادگایانەدا چڕدەبێتەوە.

**سەرباسی دووەم**

**ئارگۆمێنتەکانی پێویستی دادگای دەستوری و شێوازی پێکهێنانی لەو وڵات و هەرێمانەی بەڵگەنامەی دەستوریان نییە**

ئەم سەرباسە بۆ سێ ئارگۆمێنتی گرنگی توێژینەوەکەمان تەرخان دەگەین، کە بوونی دادگای دەستوری لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسیدا دەسەلمێنن، ئیدی دەستوری نوسراو هەبێت یاخود نا. لە تەوەری یەکەمدا پێناسەی کرۆکی دەستور و ئامادەیی پێشوەختی لسە سیستمی سیاسیدا دەکەین. تەوەری دووەمیش تەرخان دەکەین بۆ روونکردنەوەی دەستوری ئایندەی ئەو دەوڵەت و هەرێمانەی بەڵگەنامەی دەستوریان نییە. لە کۆتا تەوەریشدا بنەماکانی پێکهێنان و کاری دادگای باڵای دەستوری روون دەکەینەوەو لەو ڕووەوە چەند پێشنیارێك دەخەینە ڕوو.

**تەوەری یەکەم: پێناسەی کرۆکی دەستور و ئامادەیی پێشوەختی لە سیستمی سیاسیدا:**

رەنگە هیچ شتێك وەك تێگەیشتن لە کرۆك و ناوەڕۆکی دەستور خزمەت بە ناونیشانی بابەتی توێژینەوەکەمان نەکات، واتە کاتێك لە مانای راستەقینەی دەستور گەیشتین، زۆر سانا دەگەینە ئەم بڕوایەی کە بوونی دادگای دەستوری لە چوارچێوەی هەر دەسەڵات و سیستمێکی سیاسیدا (ئیدی دیکۆمێنتی دەستوری هەبێت یا نەبێت) پێویستییەکی بەڵگەنەویستە. بەتایبەت لەو روەوە، کە کەم چەمك هەیە وەك چەمکی دەستور لە زانستە سیاسییەکان و زانستی یاسای دەستوریدا تاڕادەیەك کۆدەنگی لەسەر پێناسەکەی هەبێت، زۆربەی زۆری زانایانی یاسا و دەستورناسان جەخت لەوە دەکەنەوە: دەستور لەڕووی زاراوەوە بریتییە لە "کۆمەڵێك رێسای تایبەت بەروونکردنەوەی سەرچاوەی دەسەڵات و رێکخستنی مومارە سەکردنی و شێوازی دەستاودەست کردنی، هەروەها ئەو کۆمەڵە رێسایەی کە تایبەتن بەماف و ئازادییەکان، ئیدی ئەم رێسایانە لەچوارچێوەی دیکۆمێنتی دەستوردا بن، یان نەبن" (د.احسان حمید المفرجي و د.کطران زغیر نعمة، ٢٠١١، ١٦١).

لێرەوە، دەستور بەمانایەکی تر هیچ نییە جگە لە ئامرازێك بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی رەهای دەسەڵاتدار، ئەم سنوردارکردنەش لەپێناو دابینکردن و ناسینی ماف و ئازادییەکانی خەڵکدایە. واتە دەستور دەسەڵات کۆتوبەند دەکات و خەڵك ئازاد دەکات، زیاتر لەمەش ئیرك برندت ئاماژە بەوە دەکات: زۆرجار دەستوری بوون وەك هاومانای لیبرالیزم بەکارهێنراوە (ایرک برندت، ٢٠١٢، ٢٢). هەر لەم چوارچێوەیەشدا، (تۆماس پاین) ئەڵێت: "حکومەتی بێ دەستور، هێزێکە بەبێ بوونی مافەکان" (ایرک برندت، ٢٠١٢، ٢١). تۆماس پاین لەشوێنێکی دیکەدا، کاتێك باس لە جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگا و حکومەت دەکات دەڵێت: "ئەگەر کۆمەڵگا بەرهەمی پێویستییەکان بێت، ئەوا حکومەت بەرهەمی شەڕو نەگریسییەکانمانە و لە باشترین حاڵەتدا حکومەت شەڕێکە بەڵام ئەشبێت هەبێت" (توماس باین، ٢٠١٢، ٩).

بۆیە کاتێك هەیە و بوونی ناچارییە، ئەبێت بەکۆمەڵێك ئامراز کۆتی بکەین، لەسەرو هەموشیانەوە بوونی دەستور، ئەشبێت کۆمەڵێك پرەنسیپی بنەڕەتی لەناو دەستوردا بوونیان هەبێت لەوانە جونکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکدی، چاودێریکردنی هەر دەسەڵاتێك لەلایەن دەسەڵاتەکانی دییەوە، هەر لەم سۆنگەیەوە لەمادەی (١٦)ی راگەیانراوی فەڕەنسا بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی (١٧٨٩) دا بەدەق هاتوە: "هەر کۆمەڵگایەك تیایدا مافەکان پارێزراو نەبن و تیایدا دەسەڵاتەکان لێکجودا نەکرابێتنەوە مانای وایە بەهیچ جۆرێك خاوەنی دەستور نییە".

کۆتکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتیش، بەوە کۆتایی نایەت کە سنور بۆ دەسەڵاتی دەسەڵاتدارەکان دابنێت، بەڵکو لەوەشدا بەردەوامی بەخۆی دەدات کە ماف و ئازادییەکان بۆ هاوڵاتییان مسۆگەر بکات، هەربۆیەش دەستورەکان بەتەنیشت رێکخستنی دەسەڵاتەوە دەقیشیان داوە لەسەر پیرۆزی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان، یان وەك ئەندریو هۆریو ئەڵێت: "یاسای دەستوری لە گەوهەری خۆیدا، بریتییە لە هونەری هاوسەنگیکردن لەنێوان دەسەڵات و ئازادی لەچوارچێوەی دەوڵەتدا" (د.حسن بحري، ٢٠١٨، ٢٨-٢٩).

لێرەدا، گرنگە ئەو پرسە بوروژێنین، بۆچی دەسەڵاتدارێتی و ماف و ئازادییەکان دەچنە ناو دیکۆمێنتی دەستورەوە؟ ئایا گرنگی دەستور لەوەدایە کە باسی ئەم دوو کایە گرنگە بکات؟ یان بوونی ئەم دوو کایە لەناو دەستوردا، گرنگی و ماهیەت دەبەخشن بە دەستور؟ لەوەڵامدا دەشێت بڵێین راستە بەدەستوربوونی ئەم دوو کایەیە گرنگییەکی زۆری هەیە، بەڵام هاوکات ئەوە گرنگی و ماهیەتی کایەکانی دەسەڵاتدارێتی و ماف و ئازادییەکانە، کە مانا دەبەخشن بەدەستور و دەستور دەکەن بەدەستور!. واتە هەر دەستورێك ئەگەر ئەم دوو بوارە رێکنەخات، ناشێ و ناتوانین ناوی دەستوری لێبنێین.

پێناسەی زاراوەییانەی دەستوریش هەر جەخت لەم روانگەیە دەکاتەوە، واتە پرەنسیپەکانی تایبەت بە رێکخستنی دەسەڵات و ماف و ئازادییەکان لەناو دیکۆمێنتی دەستور بن، یان لەدەرەوەی بن، گرنگی خۆیان ون ناکەن. ئیدی ئەمە بۆ وڵاتێك راستە کە دەستوری نوسراوی هەبێت و بۆ دەوڵەتێکیش راستە کە دەستوری نوسراوی نەبێت. واتە یاسای دەستوری یەکسان کراوە بەدەستور.

هەر لێرەوەیە لە دەستوری زۆرێك لە وڵاتاندا یاسای دەستوری یەکسانە کراوە بە دەستور (د.محمد کامل لیلة، ١٩٦٩، ٨٠٠ و دواتر). لێرەوە دەتوانین وێنای دەوڵەتێك یان هەرێمێك بکەین کە دیکۆمێنتی دەستوری

نەبێت، بەڵام هەرگیز ناتوانین وێنای دەوڵەت و هەرێمەکان بەبێ بوونی یاسای دەستوری بکەین.

بۆ رونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە ئەبێت بزانین یاسای دەستوری چییە؟ یاسای دەستوری: هەموو ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە لەدەرەوەی دیکۆمێنتی دەستورن، بەڵام کاروباری دەسەڵاتدارێتی و مافو ئازادییەکان رێکدەخەن. بەمپێیە لەهەر جوگرافیایەکدا مادام دەسەڵات هەیە، کەواتە یاسای دەستوریش هەیە (موریس دوفرجیە، ١٩٩٢، ٨)، ئیدی مەرجیش نییە هەرێمێکی فیدراڵی بێت یان دەوڵەتێکی سەربەخۆو خاوەن سەروەری.

رەنگە لەم روەوە پێویستیمان بەخۆماندووکردن نەبێت و هەرێمی کوردستان باشترین نمونەیە، کە خاوەنی چەندین یاسایە کە رەهەندو سروشتی دەستوریان هەیە لەوانە: یاساکانی تایبەت بەشێواز و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری و سەرۆکایەتی هەرێم، یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان . عێراق، یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کوردستان . عێراق، یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان. هاوکات خاوەنی چەندین یاساشە کە ماف و ئازادییەکان رێکدەخات لەوانە: یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان . عێراق، یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکانی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان . عێراق، یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان . عیراق....هتد.

لە کۆتایی ئەم داواکراوەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە رێکخستنی کاروباری دەسەڵاتدارێتی و دەسەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان چەند گرنگە لەناو دەستوردا جوێبکرێنەوەو رەهەندی دەستوریان پێببەخشرێت. بەهەمان ئەندازەش گرنگی دەستور لەوەدایە کە باسی ئەم دوو کایە گرنگە بکات. واتە ئەوە گرنگی و ماهیەتی کایەکانی دەسەڵاتدارێتی و ماف و ئازادییەکانە، کە مانا دەبەخشن بەدەستور، ئەگەر هەر بەڵگەنامەیەک ئەم دوو بوارە رێکنەخات، ناتوانین ناوی دەستوری لێبنێین.

پێناسەی دەستوریش، لەڕووی زاراوەییەوە، هەر جەخت لەم روانگەیە دەکاتەوە، واتە پرەنسیپەکانی تایبەت بەرێکخستنی دەسەڵات و ماف و ئازادییەکان لەناو دیکۆمێنتی دەستور بن، یان لەدەرەوەی بن، گرنگی خۆیان ون ناکەن. هەر لێرەوەیە لەدەستوری زۆرێك لەوڵاتاندا یاسای دەستوری یەکسانە کراوە بەدەستور، وەك رونیشە دەتوانین وێنای دەوڵەتێك یان هەرێمێك بکەین کە دیکۆمێنتی دەستوری نەبێت، بەڵام ناتوانین وێنایان بکەین بەبێ بوونی یاسای دەستوری. لەمڕووەشەوە هەرێمی کوردستان باشترین نمونەیە، کە خاوەنی چەندین یاسایە کە رەهەندی دەستوریان هەیە، مادام واشبوو کەواتە دەتوانێت ببێتە خاوەنی دادگای باڵای دەستوری و ئەو یاسا دەستورییانە بکاتە پێوەر بۆ سەلماندنی دەستوری بوون و دەستوری نەبوونی یاسا ئاساییەکان.

بەڵام کێشە بابەتی و رواڵەتییەکانی یاسا دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان چین؟ لە تەوەری سێهەمی ئەم سەرباسەدا هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسە بدەینەوە.

<u>تەوەری دووەم: دەستوری ئایندەی ئەو دەوڵەت و هەرێمانەی بەڵگەنامەی دەستوریان نییە:</u>

لەم تەوەرەدا ئەوە روون دەکەینەوە کە ئایا لەتوانامانداية وێنای ئەو دەستورانە بکەین کە لە ئایندەدا دەنوسرێن ئەو برگە بنەڕەتییانەیان تێدا نەبێت کە لە دەستورە نوسراوەکانی ئێستا و رابردووی دەوڵەتاندا هەن و کاریان پێدەکرێت؟

لەم سۆنگەیەوە و لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت دەوڵەتی دەستوریی (دەوڵەتی کۆتوبەندکراو بەدەستور)، هەر لە یەکەم دەستوروە (١٧٨٩ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) تا دەگاتە رۆژی ئەمڕۆ جگە لە ئیسرائیل (دۆخێکی تایبەتی هەیە)، هیچ دەوڵەتێك نییە کە دیکۆمێنتی دەستوری نەبێت. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەموو دەستورەکان زۆرینەی زۆری مادەکانیان تەرخان کردوە بۆ رێکخستنی کاروباری دەسەڵاتدارێی و ماف و ئازادییەکان، زۆر راشکاوانەش ئەتوانین بڵێین دوای جەنگی جیهانی دووەم هەموو دەستورەکان هەریەکەی بەجۆرێك ئەم دوو کایەیان لەخۆگرتوە (عبد المنعم کیوة، ٢٠١٧، ١٢٣)، بۆیە ناکرێت وێنای ئەوە بکەین ئەو دەستورانەی کە لە ئایندەشدا دەنوسرێن هەڵگری زیاتر لەسەدا پەنجای ئەو مادەو برگانە نەبن کە لە دەستورکانی ئیستادا هەن، هەروەك چۆن تارادەیەك زیاتر لەسەدا پەنجای دەستورکانی ئێستاش کۆپی دەستورە کانی پێشخۆیانن، بەمانایەکی دی زۆربەی زۆری دەستورەکانی دەوڵەت و هەرێمەکانی دونیا بەئەندازەیەك لەیەك دەچن و هەڵگری کۆمەڵێ بنەمای هاوبەشی وەك (شێوازی دروستبوونی دەسەڵاتەکان و پەیوەندیان پێکەوە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا، یەکسانی هەموان لەبەرامبەر یاسادا لەئازادییەکان و ئەرکە گشتییەکاندا بەبێ بەهەندوەرگرتنی رەگەز و رەچەڵەك و زمان و ئاین و ئاینزاو سەروەت و سامانیان، سەربەخۆیی دادگا، ئازادی رادەربڕین و ئازادی ئاین و پەیرەوکردنی سروتە ئاینییەکان، دەستڕاگەیشتن بەزانیاری، مافی کارکردن و ئازادی لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبون، سزاو تاوان بەبێ بونی دەقی یاسایی بونیان نییە، تۆمەتبار بێتاوانە تا دادگا تاوانباری دەسەلمێنێت......هتد).

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە بنەماکان بەر لە دەستورە نوسراوەکان بوونیان هەیە، هاوکات دەستورەکانیش هیچ نین جگە لە نوسینەوەی بنەماکان. ئەگەر تێبینی بکەین دەستوری زۆرینەی زۆری وڵاتان سەرشارن لەو بنەمایانەی کە لەسەرەوە باسمانکردون. لەژێر رۆشنایی ئەم بەڵگەنەویستەی سەرەوەشدا ناتوانین وێنای ئەوە بکەین کە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستان خاڵی دەبێت لەو بنەمایانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوون، رەنگە لەمڕووەوەشەوە باشترین بەڵگە بریتی بێت لە رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان کە زۆرێك لەم بنەمایانەی لەخۆی گرتوە.

بەمپێیەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی خاوەنی چەندین یاسای دەستورییە کە لە تەوەری یەکەمدا رونمان

کردەوە، ئەوا بەهەرەمەندیشە لە چەندین بنەمای دەستوری کە دەوڵەتان بە ئەزمونی خۆیان پێی گەیشتون و هیچ دەوڵەتێك و دەسەڵاتێکی سیاسی کێشەی لەگەڵیاندا نییە و بەجۆرێك لە جۆرەکان لە دیکۆمێنتە دەستورییەکانیدا جێی کردونەتەوە.

زیاتر لەمەش ناشێت بەرجەستەبوون و بەرجەستەنەبوونی دیموکراسی ببەستینەوە بەبوون و نەبوونی دەستورێکی نوسراوەوە، ئەشێت دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکان دەستوری نوسراوی هەبێت و پێشییەوە پابەند نەبێت (نمونەی دەوڵەتی لەمجۆرە زۆرە و پێویست بەڵگەهێنانەوە ناکات)، دەشێت دەوڵەتێك بێ دەستوری نوسراویش بێت و بە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتدارییەوە پابەند بێت، ڕەنگە لەمڕووەشەوە باشترین دوو نمونە دەوڵەتانی (شانشینی یەکگرتوی بەریتانیا و ئیسرائیل) بن.

راستە بوونی دەستورێك کە لەلایەن خەڵکەوە شەرعیەتی پێدرابێت گرنگی خۆی هەیە، بەڵام هەرگیز دەستورێکی نوسراو نەدژایەتی لەگەڵ دیموکراسیەت و بەچەق ناسینی بنەما دەستورییەکاندا هەیە، نەرێگریش دەکات لە دروستبوونی ستەمکاری و دیکتاتۆریەت. ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك:

یەکەم: بنەماکان بەر لەدەستورە نوسراوەکان بوونیان هەیە، هاوکات دەستورەکانیش هیچ نین جگە لە نوسینەوەی زۆربەی زۆری بنەماکان، وەك ئاماژەمان پێکرد.

دووەم: زۆرجار ئامانجی سەرەکی لە نوسینەوەی دەستور لە وڵاتە نادیموکراتەکاندا بۆ ئەوە نییە شەرعیەتی میللی بە بنەما دیموکراسیەکان بدات، بەڵکو بۆ ئەوەیە شەرعیەت بە دەسەڵاتێکی ناشەرعی بدات کە لە دۆخێکی نائاسایی و نادیموکراتی وەك کۆدەتادا لەدایکبوبێت، یان لە باکگراوندێکی چەکدارییەوە هاتبێت. لێرەوەیە لانی کەم لەم ناوچەیەی خۆماندا خاوەنی چەندین دەوڵەتی خاوەن دەستوری نایاب و جوانین، بەڵام دەستورەکان بەتەنها مرەکەبی سەر کاغەزن.

سێهەم: نمونەی بەرجەستەمان هەیە لەو وڵاتانەی کە دەستوری نوسراویان نییە و پەیڕەوی لەبنەما دەستورییەکان دەکەن، بەتایبەت وڵاتێکی وەك ئیسرائیل کە دەستوریشی نییە، بەڵام دادگای باڵای ئەو وڵاتە چاودێری دەستوری بوونی یاساکانی دەکات، لەسەر ئەو بنەمایانەی کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان لەسەر دروستبووە، لە نموونەی ئەو بنەمایانەش پاراستنی شکۆی مرۆڤ. گرنگیشە ئاماژە بەوە بکەین، هەر بە گوێرەی وێبسایتی فەرمی وەزارەتی دادی ئیسرائیل یەکێك لەکارەکانی دادگای باڵای دادی ئیسرائیل بریتییە لە چێککردنی دەستوری بوونی یاساکان و ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەکرێن.

هەر بەنموونە دادگای باڵای دادی ئیسرائیل لە (٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٠) دا گوێی لەو تانەیە گرت کە دژی ئەو یاسایە تۆمارکرابوو کە لە ساڵی (٢٠١٨) دا دەرکراوە و ئیسرائیل بە (دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ گەلی جولەکە) لەقەڵەم دەدات. تانەلیدەران جەخت لەوە دەکەنەوە ئەم یاسایە دژ دێتەوە لەگەڵ بنەمای سیستمی یاسایی ئیسرائیل و (دیکۆمێنتی ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیسرائیل)دا [٣٣] و نایەکسانی نێوان هاوڵاتیان تۆختر دەکاتەوە.

بێگومان بڕیار و دانیشتنی تایبەتی دادگای باڵای دادی ئیسرائیل لەم ڕووەوە زۆرن، ئەوە دەسەلمێنن کە بێ بوونی دەستورێکی نوسراویش دادگا دەتوانێت کار لەسەر نادەستوری بوونی یاسا و بڕیارەکان بدات، بێگومان ئەمەش بەپشتبەستن بەو بنەما دەستوریانەی کە دەستوری نوسراو هەبێت یان نەبێت پێویستە دەوڵەت و دەسەڵاتە سیاسییەکان بەهەندیان وەربگرن، ئەگەر خەمی لانی کەمی بەرجەستەکردنی دەوڵەتی یاسایان هەبێت.

پوختەی ئەم تەوەرە ئەوەیە کە دەستورەکان تارادەیەکی زۆر کۆپی یەکدین، بۆیە ئەو دەستورانەی کە لە ئایندەشدا دەنوسرێن هەڵگری زیاتر لەسەدا پەنجای ئەو مادە و بڕگانە ئەبن کە لە دەستورەکانی ئیستادا هەن، هەروەك چۆن زیاتر لەسەدا پەنجای دەستورەکانی ئێستاش کۆپی دەستورەکانی پێشخۆیانن. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە بنەمەکانی دەوڵەتداری بەر لە دەستور نوسراوەکان بوونیان هەیە، هاوکات دەستورەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر بریتیین لە نوسینەوەی بنەما پێشوەختەکان.

لەژێر رۆشنایی ئەم بەڵگەنەویستەی سەرەوەشدا، ناتوانین وێنای ئەوە بکەین کە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستان، خاڵی دەبێت لەو بنەمایانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوون، ڕەنگە لەمڕووەوەشەوە باشترین بەڵگە بریتی بێت لە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان کە زۆرێك لەو بنەمایانەی لەخۆی گرتوە. کەواتە هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی خاوەنی چەندین یاسای دەستورییە کە لە تەوەری یەکەمدا رونمان کردەوە، ئەوا بەهەرەمەندیشە لە چەندین بنەمای دەستوری کە دەوڵەتان پێی گەیشتون. بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی، ناتوانین وێنای ئەوە بکەین دەستور نوسراوەکانی ئێستا و ئاینده زۆر لێکجیاواز دەبن، مادام واشبێت کەواتە بوونی دادگای باڵای دەستوری شەرعیەتی خۆی دەسەپێنێت، ئیدی دەستوری نوسراو هەبێت یان نەبێت.

## تەوەری سێهەم: بنەماکانی پێکهێنان و کاری دادگای باڵای دەستوری:

دوای ئەوەی لە تەوەری یەکەم و دووەمی ئەم سەرباسەدا، بۆمان رونبوبەوە، کە هەرێمی کوردستان، وەك کۆی دەسەڵاتە سیاسییەکانی دی خاوەنی چەندین یاسای دەستورییە، هاوکات ئەوەشمان رونکردەوە کە کۆمەڵێك رێسای دەستوری هەیە، دەستوری نوسراو هەبێت یان نەبێت دەسەڵاتە سیاسییەکان بەشێوەیەکی زیمنی پێوەی پابەندەبن.

هەروەك چۆن ئەوەشمان رونکردەوە کە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمیش زۆرێك لەو رێسا دەستوریانەی لەخۆ گرتوە کە هیچ پارت و ڕەوتێکی سیاسی کێشەی لەسەریان نییە، هەموان تارادەیەکی زۆر کۆکن لەسەری. بۆیە بە پێویستی دەزانین لەم تەوەرەی کۆتاییدا هەنگاوی پراکتیکی بنێین بۆ زیاتر رونکرنەوە و جێبەجێکردنی تەرحەکەمان.

ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە ئەم تەوەرە بۆ دوو لق دابەش بکەین، لە لقی یەکەمدا باس لە یاسای دەسنیشانکردنی پێوەرە بابەتی و رواڵەتییەکانی یاسای دەستوری بکەین. لە لقی دووەمیشدا باس لە یاسای پێکهێنان و کاری دادگای باڵای دەستوری بکەین:

### لقی یەکەم: یاسای دەسنیشانکردنی پێوەرە بابەتی و رواڵەتییەکانی یاسا دەستوری:

وەك ئاماژەمان پێكرد، لە تەوەری یەكەمی سەرباسی دووەمدا ئەوەمان رونكردەوە هەرێمی كوردستان وەك هەر قەوارەیەكی سیاسی تر، خاوەنی چەندین یاسایە كە رەهەندی دەستوریان هەیە [*٤]، بەڵام ئەم یاسا دەستورییانەی هەرێمی كوردستان لەراستیدا خاوەنی دوو كێشەی جەوهەرین: یەك، لەرووی بابەتییەوە ئەم جۆرە یاساییانە لەگەڵ یاسای ئاساییدا بەیاسایەكی تایبەتی لێكجودا نەكراونەتەوە. دوو: لەرووی رواڵەتیشەوە پێوەر دانەنراوە بۆ جیاكردنەوەیان لە یاسا ئاساییەكانی دی. رنگە ئەمەش هۆكاری سەرەكی ئەو كێشەو تەنگەژە سیاسیانە بێت كە لەسێ دەیەی رابردودا روبەڕوی هەرێمی كوردستان بوبێتنەوە.

مەبەست چییە لە پێوەرە بابەتییەكان؟ بێگومان مەبەست لە پێوەرە بابەتییەكان دیسان پێوەرە دەستورییەكانە، كە بریتیین لەو یاسایانەی كە باس لەو بابەتانە دەكەن كە كاروباری دەسەڵات و شێوازی پیادەكردنی دەسەڵات و پەیوەندی دەسەڵاتەكان پێكەوە رێكدەخەن، هاوكات ئەو یاسایانەش دەگرێتەوە كە ماف و ئازادییە گشتییەكان فەراهەم و رێكدەخەن [*٥].

بۆیە ئێمە بەپێویستی دەزانین لەسەر بنەمای ئەم دوو پێوەرە دەستورییە و بۆ زیاتر فەرمی ناسینی ئەو جۆرە یاسایانە پەرلەمانی كوردستان یاسایەك دەربكات، یاساكەش ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

١. جۆری هەموو ئەو یاسایانە دەستنیشان بكات كە سروشت و رەهەندی دەستوریان هەیە، ئیدی ئەو یاسایانەی لە رابردودا دەرچوون، یان ئەو یاسایانەی لە داهاتودا دەردەچن.

٢. راییكردن و پەسەندكرنی ئەو یاسایانە بە زۆرینەی سادەی پەنجا كۆ یەك نەبێت، وەك ئەو یاسا ئاساییانەی كە رەهەندی دەستوریان نییە، بەڵكو بەرێژەی (٣/٤) [*٦]یان لانی كەم بەرێژەی (٢/٣) راییبكرێن و دەربچوێنرێن [*٧].

٣. هاوكات بەهەمان رێژەی پەسەندكراو هەموو ئەو یاسایانە هەموارابكاتەوە كە رەهەندی دەستوریان هەیە و لە رابردودا دەرچون.

بێگومان لێرەدا گرنگە بپرسین بۆچی رێژەی (٣/٤) یان (٢/٣) پێویستە بۆ دەركردنی یاسا دەستورییەكان؟ بێگومان بەڵگەی ئەمە هەر لەناوی جۆری یاساكاندایە كە تایبەتمەندی دەستوریبونیانە. واتە مادام دەستورین، ئەوا وەك چۆن دەستور ئەگەر زۆرینەی زۆری خەڵك كۆك نەبن لەسەری، ئەوا پشێوی دروست دەكات و ناسەقامگیری دێنێتە كایەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر زۆرینەی زۆری پەرلەمانتاران (كە نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵك دەكەن) لەسەر ئەو یاسایانە كۆك نەبن، ئەوا بەهەمان شێوە ناكۆكی و ناسەقامگیری دێنێتە كایەوە.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەمان گرنگە هەرێمی كوردستان وەك نمونە بهێنینەوە. راستە، لەسەرەتای دروست بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا (١٩٩٢) هەرێم روبەڕوی كێشەی جۆراوجۆر بوەتەوە، بەڵام ئەگەر كێشە و تەنگەژەكانی بەر لە ساڵی ٢٠١٠ رەهەندی مێژوویان هەبووبێت و پەیوەندی بە دوژمنایەتی نێوان دوو پارتە دەسەڵاتدارەكەی هەرێمی كوردستانەوە هەبووبێت، پاڵنەری ئابوری و دابەشكردنی داهاتی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل تەقاندبێتییەوە. ئەوا كێشەكانی دوای ساڵی ٢٠١٠ راستەوخۆ پەیوەندی بەغیابی هۆشیارییەوە هەیە سەبارەت بە گەوهەری یاسا دەستورییەكان.

چونكە ئەگەر تێبینی بكەین، لە (٢٠١٠/١١/٣) یاسای ژمارە (١١) رێكخستنی خۆپیشاندانی لە هەرێمی كوردستان_عێراق بە لۆژیكی زۆرینەو كەمینەو بە زۆرینەیەكی سادە لەلایەن پەرلەمانتارەكانی پارتەكانی پێكهێنەری حكومەتەوە دەرچوێندرا، ئەمەش نارەزایەتی پارتە ئۆپۆزسیۆنەكانی بەدوای خۆیدا هێنا، چەندین كەمپین و خۆپیشاندانی جەماوەری دروستكرد. پارتە ئۆپۆزسیۆنەكان و شەقام داوای ئەوەیان دەكرد كە ئەو یاسایە پەیوەندی بەئازادی رادەربڕینەوە هەیە و رەهەندی دەستوری هەیە، نابێت بە زۆرینەی سادەی پەنجا كۆ یەك دەربچوێنرێت.

ئیدی لەو كاتەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەك هەوڵنەدرا سەرچاوەی ئەم گرفتە لە بنەڕەتەوە چارەسەر بكرێت، لە چوارچێوەی گەوهەری فەلسەفەی دەستوردا رێكاری نەگیرایە بەر. بەڵكو بەردەوام هێزەكان هەوڵی دروستكردنی زۆرینەی سادەیان لە پەرلەماندا داوە دژی یەكدی. ئەمەش كێشەو تەنگەژەكانی ئاڵۆزتر دەكرد.

ئەم كێشەیە و ئەم كەموكورتیە دەستورییە زیاتر لە یاسای ژمارە یەكی ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستاندا بەرجەستەبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی ماوەی سەرۆكایەتی سەرۆكی هەرێمی ئەوكات [*٨] لە ساڵی ٢٠١٣ كۆتایی هات. بەڵام پەرلەمانتارەكانی پارتەكانی پێكهێنەری حكومەت لە (٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٣) دا، بە یاسای ژمارە (٣٥) ی ساڵی (٢٠١٣) دوو ساڵیان بۆ درێژكردەوە. ئەمەش لەلایەن پارتە ئۆپۆزسیۆنەكانەوە بە كۆدەتا لەقەڵەمدرا [*٩]، هەموو رێكارێكی مەدەنی و یاساییان بۆ رەتكردنەوەی گرتەبەر، ئەگەرچی هەڵنەوەشێنرایەوە بەڵام كاریگەرییەكی خراپی كردە سەر دۆخی هەرێمی كوردستان و ئاڵۆزی زیاتر بەدوای خۆیدا هێنا. چونكە ئەگەرچی لە ماددەی یەكەمی یاسای ئاماژە پێكراودا هاتوە: "ویلایەتی سەرۆكی هەرێم كە لە (٢٠١٣/٨/٢٠) دا تەواو دەبێت، بەردەوام دەبێت، درێژ دەكرێتەوە تا (٨/١٩/ ٢٠١٥) كە ئیتر بۆ دووەم جار یارای درێژكردنەوە نییە" [*١٠]. بەڵام دیسان، بۆ دووەم جار دوو ساڵی تر بۆ ماوەی سەرۆكایەتی سەرۆكی هەرێم تا (٢٠١٧/١١/١) درێژكرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەلایەن ئەنجومەنی شورای هەرێمەوە ئەنجامدرا.

ئەم هەنگاوە و ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی شورا نەك هەر كێشەكەی چارەسەر نەكرد بەڵكو ئاڵۆزتری كرد، چونكە پەرلەمانی كوردستان بەسەرۆكایەتی سەرۆكی پەرلەمانی ئەوكات بەم هەنگاوەی ئەنجومەنی شورا رازی نەبوون، لەبری ئەوەی چارەسەری ریشەیی بۆ ئاڵۆزییەكان بدۆزنەوە، ئەوانیش هەمان لۆژیكی زۆرینە و كەمینەیان بەكارهێنا، چەند كۆبونەوەیەكیان بۆ هەمواركردنی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ئەنجامدا، زۆربەی فراكسیۆنەكان تێیدا بەشداربوون. لای خۆشییەوە فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان ئەم هەنگاوەی فراكسیۆنەكانی دیكەی بە كودەتا لەقەڵەمدا و بایكۆتی دانیشتنی (٢٣/حوزەیرانی/٢٠١٥) كرد [*١١]. ئیدی لەو كاتەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەرێم تەنگەژە بە تەنگەژە دەسپێرێت، كۆی كیشەكانیش پەیوەندی بە سەپاندنی لۆژیكی

زۆرینەوە هەیە، لەکاتێکدا دەبوو بیر لە لۆژیکێکی دەستوری بکرایەتەوە بۆ دەرچوون لەم تەنگەژانە.

وەك روونە، ئەو لۆژیکەش بریتییە لەوەی کە ئێمە لەم تەوەرەدا رونمانکردۆتەوە، نابێت هیچ یاسایەکی دەستوری بەکەمتر لە رێژەی (٣/٢) دەربچوێنرێت، چونکە ئەگەر بڕیار لەمە درا، ئەوا فراکسیۆنەکان ناچار دەبن بسازێن و کێشەکان لەناو پەرلماندا چارەسەر بکەن، پێویستیان بەوە نەبێت پەنا بەرنە بەر شەقام و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری بێتە کایەوە و ئەنجامێکی ئەوتۆشی نەبێت.

راستە ئەم کارە ئاسان نییە و بڕیارێکی بوێرانە و دەوڵەتدارانەی دەوێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بناغەیەکی پتەوی دەستوری بۆ هەرێمەکەمان دابنێین، دەوڵەتی دامەزراوەیی دابمەزرێنین و سازانی راستەقینە بەرجەستە بکەین، ئەو تەنگەژانەش دوبارە نەبنەوە. ئەوا پێویستیمان بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوە تۆکمە دەستورییە هەیە. چونکە گرنگترین خاڵی دەسپێك لە دەوڵەتداریدا، بریتییە لەدانانی بناغەیەکی تۆکمە کە بنەڕەتێکی زانستی هەبێت و زۆرینەی زۆری پارت و رەوتە سیاسییەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

**لقی دووەم: یاسای پێکهێنان و کاری دادگای باڵای دەستوری:**

بۆ تەواوکردنی هەنگاوی یەکەم، پێویستە هەنگاوی دووەم بنرێت، کە بریتییە لە دروستکردنی دادگایەکی باڵای دەستوری، بە گوێرەی یاسایەك کە دیسان بە ریژەی (٤/٣) یان (٣/٢) دەنگی پەرلەمانتاران دەرچوێنرێت (چونکە ئەم یاسایەش رەهەندی دەستوری هەیە) کارە سەرەکییەکانی ئەم دادگایەش بریتیبن لە:

١. چاودێریکردنی رەوایی بوون و دەستوری بوونی یاساکان، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان لەسەر داوای دە پەرلەمانتار، یان هەر کەسێك کە بەرژەوەندی راستەوخۆی هەبێت.

٢. یەکلاییکردنەوەی دەفعێکی پێشکەشکراوە لە داوایەکدا لەبەردەم یەکێك لەدادگاکان، سەبارەت بە رەوایی نەبوون و دەستوری نەبوونی یاسایەك یان پێڕەوێك یان رێنماییەك، دادگاش دەبێت داواکە دوابخات، تا ئەوکاتەی (دادگای باڵای دەستوری) دەفعەکە یەکلایی دەکاتەوە.

٣. بڕیاردان لەسەر پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن و راپرسییە گشتیەکان.

٤. یەکلاییکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی لەنێوان دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمدا دروستدەبن.

٥. یەکلاییکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی روبەڕوی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەکرێنەوە و ئەوەش بە یاسایەك رێکدەخرێت.

٦. بینینی ئەو بڕیار و تانانەی پێشکەشکراون سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگەری کارگێڕی.

٧. راڤەکردنی دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستان و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان.

٨. پێویستە یاساکە ئەوەش یەکلابکاتەوە کە بڕیارەکانی دادگای ناوبراو ئەدگاری یەکلاکەرەوەیان (بات) هەبێت و شیاوی تانەلێدان نەبن.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی زۆرێك لە کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە جیاوازی نەکردن لەنێوان یاسا دەستورییەکان و یاسا ئاساییەکاندا و هەر دووکیان بەیەك رێکار و یەك رێژەی دەنگدانی ئاسایی دەرکراون، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو جیاوازییە بکرایە، هاوکات دادگایەکی تایبەتیش هەبوایە بۆ یەکلاییکردنەوەی رەوایی بوون و دەستوری بوون و دەستوری نەبوونی یاسا و بڕیارەکان، ئەوا هەرێم روبەروی لانی کەمی ئەو کێشانە نەدەبویەوە کە بەتایبەت لە دە ساڵی رابردودا روبەڕویان بوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەم دوو هەنگاوە، لەلایەك ئەو بۆشاییە بەجۆرێك لەجۆرە کان پڕدەکاتەوە کە نەبونی دەستورێکی نوسراو دروستی کردەوە، لەلایەکی تریش دەبێتە بنەمایەك بۆ دەستوری ئایندەی هەرێمی کوردستان و ئاسان پەسەندکردنی رەشنوسی دەستور.

پوختەی ئەم تەوەرە ئەوەیە: راستە هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین یاسایە کە رەهەندی دەستوریان هەیە، بەڵام یاسا دەستورییەکانی خاوەنی دوو کێشەی گەوهەرین: لەلایەك، لەرووی بابەتییەوە، ئەم جۆرە یاساییانە لەگەڵ یاسای ئاساییدا لێکجودا نەکراونەتەوە. لەلایەکی دیش، لەرووی رواڵەتیشەوە، پێوەر دانەنراوە بۆ جیاکردنەوەیان لە یاسا ئاساییەکانی دی. ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەو کێشەو تەنگەژە سیاسیانە بوە کە لەدەیەی رابردودا روبەڕوی هەرێمی کوردستان بوەتەوە. چونکە ئەگەر کێشەکانی بەر لە ساڵی ٢٠١٠ رەهەندی مێژوویی و ئابوریان هەبوبێت، ئەوا کێشەکانی دوای ساڵی ٢٠١٠ زیاتر پەیوەندی بەغیابی هۆشیارییەوە هەیە سەبارەت بە گەوهەر و گرنگی یاسا دەستورییەکان و گرنگی یاسا دەستورییەکانیش کاتێك بەرجەستەتر دەبێت کە دادگایەکی باڵای دەستوری بە گوێرەی یاسایەك پێکهێنرێت و کاری سەرەکی چاودێریکردنی دەستوریبونی یاساکان بێت.

**یەکەم: ئەنجامەکان:**

١. له بنەڕەتدا دادگەری دەستوری زادە و له دایکبووی ئەو وڵاتانەیە کە بەرەو دیموکراسیی راستەقینە هەنگاویان دەنا، بۆ ئەمەش پێویستیان بە (دادگای دەستوری یان ئەنجومەنی دەستوری) هەبوو، کە سنور بۆ دەسەڵاتی سیاسی دابنێت و بە تەنیشتییەوە ماف و ئازادی بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، هاوکات لەکاتی بوونی ناکۆکی هاوسەنگیش لەنێوان دەسەڵاتەکاندا بێنێتە کایەوە.

٢. ڕێکخستنی کاروباری دەسەڵاتدارێتی و دەسەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان چەند گرنگە لەناو دەستوردا جوێبکرێنەوە و ڕەهەندی دەستوریان پێببەخشرێت. بەهەمان ئەندازەش گرنگی دەستور لەوەدایە کە باسی ئەم دوو کایە گرنگە بکات. واتە ئەوە گرنگی و ماهیەتی کایەکانی دەسەڵاتدارێتی و ماف و ئازادییەکانە، کە مانا دەبەخشن بەدەستور، ئەگەر ئەم دوو بوارە ڕێکنەخات، ناتوانین ناوی دەستوری لێبنێین پێناسەی دەستوریش، لەرووی زاراوەییەوە، هەر جەخت لەم روانگەیە دەکاتەوە، واتە پرەنسیپەکانی تایبەت بەڕێکخستنی دەسەڵات و ماف و ئازادییەکان لەناو دیکۆمێنتی دەستوربن، یان لەدەرەوەیبن، گرنگی خۆیان وون ناکەن. بۆیە لە دەستوری زۆرێك لە وڵاتاندا یاسای دەستوری یەکسانە کراوە بەدەستور، وەك رونیشە دەتوانین وێنای دەوڵەتێك یان هەرێمێك بکەین کە دیکۆمێنتی دەستوری نەبێت، بەڵام ناتوانین وێنایانبکەین بەبێ بوونی یاسای دەستوری. لەم روەشەوە هەرێمی کوردستان باشترین نمونەیە، کە خاوەنی چەندین یاسایە کە رەهەندی دەستوریان هەیە، مادام واشبوو کەواتە دەتوانێت ببێتە خاوەنی دادگای باڵای دەستوری، ئەو یاسا دەستوریانە بکاتە پێوەر بۆ سەلماندنی دەستوری بوون و دەستوری نەبوونی یاسا ئاساییەکان.

٣. دەستورەکان تارادەیەکی زۆر کۆپی یەکدین، بۆیە ئەو دەستورانەی کە لە ئایندەشدا دەنوسرێن هەڵگری زیاتر لەسەدا پەنجای ئەو مادە و بڕگانە ئەبن کە لە دەستورەکانی ئیستادا هەن، هەروەك چۆن زیاتر لەسەدا پەنجای دەستورکانی ئێستاش، کۆپی دەستورکانی پێشخۆیانن. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە بنەمەکانی دەوڵەتداری بەر لە دەستورە نوسراوەکان بوونیان هەیە، هاوکات دەستورەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر بریتیین لە نوسینەوەی بنەما پێشوەختەکان. لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەڵگەنەویستەی سەرەوەشدا، ناتوانین وێنای ئەوە بکەین کە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستان، خاڵی دەبێت لەو بنەمایانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوون، لەم روەوەشەوە باشترین بەڵگە رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستانە کە زۆرێك لەو بنەمایانەی لەخۆی گرتوە. کەواتە هەرێم وێرای ئەوەی خاوەنی چەندین یاسای دەستورییە، ئەوا بەهەرمەندیشە لەچەندین بنەمای دەستوری کە دەوڵەتان پێی گەیشتون. مادام واشبێت کەواتە بوونی دادگای باڵای دەستوری شەرعیەتی خۆی دەسەپێنێت، ئیدی دەستوری نوسراو هەبێت یان نەبێت.

٤. یاسا دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان خاوەنی دوو کێشەی گەوهەرین: لەرووی بابەتییەوە، ئەم یاساییانە لەگەڵ یاسای ئاساییدا لێکجودا نەکراونەتەوە. لەرووی رواڵەتیشەوە، پێوەر دانەنراوە بۆ جیاکردنەوەیان لە یاسا ئاساییەکانی دی. ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەو کێشە سیاسیانە بووە لە دەیەی رابردودا روبەڕوی هەرێم بوەتەوە. چونکە گەر کێشەکانی بەر لەو مێژووە رەهەندی مێژوویی و ئابوریان هەبوبێت، ئەوا کێشەکانی دوای ئەو مێژوە زیاتر پەیوەندی بە غیابی هۆشیارییەوە هەیە سەبارەت بە گەوهەر و گرنگی یاسا دەستورییەکان و گرنگی یاسا دەستورییەکانیش کاتێك بەرجەستەتر دەبێت کە دادگایەکی باڵای دەستوری پێکبهێنرێت و کاری سەرەکی چاودێریکردنی دەستوریبونی یاساکان بێت.

**دووەم: پێشنیارەکان:**

گرنگە هەرچی زووە پەرلەمانی کوردستان دوو یاسای تایبەت دەربکات، لەپێناو پێکانی دوو ئامانجی گرنگدا:

١. یاسای یەکەمیان، جۆری ئەو یاسایانە رون و یەکلاییبکاتەوە کە رەهەندی دەستوریان هەیە، هاوکات ئەوەش بسەپێنێت کە نابێت ئەو جۆرە یاساییانە بە زۆرینەی سادەی پەنجا کۆ یەك رایبکرێن، بەڵکو لانی کەم بە زۆرینەی رەهای دوو لەسەر سێ یان سێ لەسەر چوار راییبکرێن. هاوکات هەموو ئەو یاسا دەستوریانەی پێشوەختە دەرکراون بەهەمان رێژەی دەنگی پەرلەمانتاران هەمواربکرێنەوە. گرنگی ئەم یاسایەش لەوەدایە، لەلایەك ئەو بۆشاییە بەجۆرێك لەجۆرەکان پڕدەکاتەوە کە نەبوونی دەستورێکی نوسراو دروستیکردوە، لەلایەکی تریش دەبێتە بنەمایەك بۆ دەستوری ئایندەی هەرێمی کوردستان و ئاسان پەسەندکردنی رەشنوسی دەستور.

٢. یاسای دووەم تایبەت بێت بە شێوازی پێکهێنانی داگایەکی باڵای دەستوری، کە بەهەمان شێوە بە زۆرینەی ڕەهای دوو لەسەر سێ یان سێ لەسەر چواری دەنگی پەرلەمانتاران راییبکرێ، کاری سەکی چاودێریکردنی دەستوریبونی یاساکان بێت.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- کتێب:

١. ابراهيم محمد على، المصلحة فى الدعوى الدستورية، دار النهضة العربية، القاهر، بدون سنة نشر.

٢. إحسان حميد المفرجي، كطران زغير نعمة، رعد ناجي الجده، القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق، ط٤، شركة العاتك، القاهرة، ٢٠١١.

٣. أدلر مور تمرج، الدستور الأمريكي أفكار وأمثلة، ترجمة: إبراهيم عوده، الكتب الأردنى، عمان، ١٩٨٧.

٤. ادمون رباط، الوسيط فى القانون الدستوري العام، ج ٢، بيروت، دار العلم للملايين، ١٩٦٥.

٥. ايرك برندت، مدخل للقانون الدستورى، ترجمة: د. محمد ثامر، منشورات زين الحقوقية، ط ١، بيروت، ٢٠١٢.

٦. بشير على باز، أثر الحكم الصادر بعدم الدستورية، الأسكندرية، دار الجامعة الجديدة للنشر، ٢٠٠٥.

٧. توماس باين، المنطق السليم، ترجمة: محمد إبراهيم الجنى، مؤسسة هنداوى للتعليم والثقافة، ط ١، ٢٠١٢.

٨. حسن بحري، القانون الدستوري والنظم السياسية، منشورات الجامعة الافتراضية السورية، سوريا، ٢٠١٨.

٩. رمزي طه الشاعر، النظرية العامة للقانون الدستوري، ط ٥، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٥.

١٠. د.سليمان الطماوي، السلكات الثلاث فى الدساتير العربيّة المعاصر وفي الفكر السياسي، دار الفكر العربي، ١٩٨٨.

١١. د.سليمان الطماوي، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الفكر العربى، القاهرة، ١٩٨٨.

١٢. عاطف سالم عبدالرحمن، دور القضاء الدستوري فى الاصلاح السياسي_الاجتماعي _الاقتصادى، دراسة تحليلية تطبيقية مقارنة بين مصر والولايات المتحدة، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠١٠-٢٠١١.

١٣. عبد المنعم كيوه، المنظمة العربية للقانون الدستوري، الكتاب السنوى للمنظمة العربية للقانون الدستوري، ٢٠١٥-٢٠١٦، تونس، ٢٠١٧.

١٤. عدنان عاجل عبيد، أثر استقلال القضاء عن الحكومة في دولة القانون، العراق، مطبعة سومر للطباعة، ٢٠٠٨.

١٥. عدنان عاجل عبيد، القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق، مطبعة النبراس، النجف، ٢٠١٠.

١٦. عصام سليمان، مدخل الى علم السياسة، ط ٢، دار النضال للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٩.

١٧. عصام على الدبس، النظم السياسية: السلطة التشريعية المؤسسة الدستورية العليا، دار الثقافة، عمان، ٢٠١١.

١٨. عصمت عبدالله الشيخ، مدى استقلال القضاء الدستوري في شأن الرقابة على دستورية التشريعات، دار النهضه العربية، القاهرة، ٢٠٠٣.

١٩. ليون ديكى، دروس فى القانون العام، ترجمة: د.رشدي خالد، منشورات مركز البحوث القانونية، بغداد، ١٩٨١.

٢٠. ماجد راغب الحلو، القانون الدستوري، مصر، الأسكندرية، دار المطبوعات الجامعية، ١٩٩٧.

٢١. محمد باهى أبو يونس، أصول القضاء الدستوري، الأسكندرية، دار الجامعة الجديدة، ٢٠١٣.

٢٢. محمد شفيق، القضاء الدستوري، منشورات المفوضية السامية لحقوق الانسان، تونس، ٢٠١٢.

٢٣. محمد كامل ليلة، النظم السياسية الدولة والحكومة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٩.

٢٤. موريس دوفرجيه، المؤسسات السياسية والقانون الدستور-الأنظمة السياسية الكبرى، ترجمهة: د.جورج سعد، المؤسسهة العامة للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٢.

٢٥. نبيل عبدالرحمن حياوى، ضمانات الدستور، ط ٢، بغداد، المكتبة القانونية، ٢٠٠٧.

٢٦. وزارة الخارجية الأمريكية، موجز نظام الحكم الأمريكي، بدون تأريخ النشر.

▪ گۆڤار:

١. كمال جعلاب، القضاء الدستوري، الجزائر، جامعة زيان عاشور بالجلفة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، ٢٠١٨-٢٠١٩.

٢. مها بهجت يونس و محمد سالم كريم، طبيعة أحكام القضاء الدستوري ودورا فى تحقيق استقلاله، جامعة واسط، مجلة كلية التربية، عدد ٣٩، الجزء ٢، آيار ٢٠٢٠.

<u>دووەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:</u>

▪ كتێب:

1. Edward McWHINNEY, Supreme courts and judicial Law-Making, Constitutional Tribunals and Constitutional review, Netherlands, Martinus Nijhoff Publishers, 1986.
2. F.Rubio Liorente, Constitutional Jurisdiction as Law–Making, Berlin Heidelberg, Springer – Verlag, 1988.
3. David F. J. Campbell, the Basic Concept for the Democracy Ranking of the Quality of Democracy, University of Klagenfurt, Vienna, 2008.
4. Peter Haberle, Role and Impact of Constitutional Courts In A Comparative Perspective, University of Bayreuth, USA, 2010.
5. Sofia Amaral Garsia,Nuno Garoupa, Veronica Gremb, Judicial independence and party politics in the Kelsenian Constitutional Courts, University of Illinois-college Of Law, 2008.

▪ گۆڤار:

1. Frank Cass,Constitutional courts and Parliamentary Democracy, West European Politics, England, Vol, 25, No 1( january 2002).
2. Tom Ginsburg, Constitutional Courts in new Democracies, Global Jurist Advances, Vol.2.2002.

**سێیەم: دۆکیومێنتە نێودەڵەتییەکان:**

١. راگەیەنراوی فەرەنسا بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی ١٧٨٩.

**چوارەم: دەستورەکان:**

١. دەستوری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (١٧٨٩).
٢. دەستوری کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی (١٩٤٩).
٣. دەستوری فەرەنسا (١٩٥٨).
٤. دەستوری جەزائیر (١٩٩٦).
٥. دەستوری کۆماری فیدراڵی عێراق (٢٠٠٥).
٦. رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان – عێراق (٢٠٠٩).

**پێنجەم: یاساکان:**

١. یاسای بنەماکانی دادبینی شارستانی و بازرگانی ژمارە (٨٨)ی ساڵی ١٩٥٦ عێراقی هەڵوەشاوە.

**شەشەم: بڕیارەکانی دادگا:**

١. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی، راقە/ ژمارە (١١٣)، ٢٠١٣/١٠/٣٠.

**حەوتەم: وێبسایتەکان:**

١. دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراق.
٢. دادگای باڵای دادی ئیسرائیل.
٣. وەزارەتی دادی ئیسرائیل.
٤. ئاژانسی ئەنادۆڵ.
٥. پەیسەرپرێس.

*** ڕونکردنەوەکان:**

١. لە بنەمادا وشەی دیموکراسی وشەیەکی یۆنانیە و لەڕووی زمانەوانییەوە لە دوو برگەی دیمۆس (Demos) کە بە مانای خەڵك دێت و کراتیە (kratia) کە بە مانای حوکمو فەرمانڕەوایی دێت پێکهاتو، بەمپێیە دیموکراسیەت لەڕووی زمانەوانییەوە یانی فەرمانڕەوایی خەڵك، زۆرێکیش، بەتایبەتی سەرۆکی پێشووتری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەبراهام لنکۆڵن ئەمە زیاتر ڕوون دەکاتەوەو پێی وایە ئەم چەمکە یانی فەرمانڕەوایی خەڵك لەلایەن خەڵکەوەو لە پێناوی خەڵکدا. واتە یەکەم ئامانج و کۆتا ئامانجی دیموکراسیەت بریتیە لە خەڵك. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
David F. J. Campbell,the Basic Concept for the Democracy Ranking of Democracy, University of Klagenfurt, Vienna, 2008, P Quality of the 5.

٢. پێشتر و لە ساڵی ٢٠١٦ بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەتایی لەپەیپەرێکدا پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن کاری لەسەر کردوە کە یەکێك لە نوسەرانی ئەم توێژینەوەیە (د.موحسین ئەدیب) یەکێك بووە لە ئامادەکارە سەرکییەکانی ئەم پەیپەرە.

٣. دیکۆمێنتی راگەیەنراوی سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەو دیکۆمێنتەیە کە لە (١٤/ئایار/١٩٤٨) دوای کۆتاییهاتنی ئینتیدابی بەریتانیا نوسراوە، ئەو بنەما گشتییانەی لەخۆ گرتوە کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان لەسەر دامەزراوە.

٤. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە لە کتێبەکانی یاسای دەستوریدا چەند گوزارشتێکی تر بۆ یاسا دەستوری بەکاردەهێنرێت، لەوانە: ١- ئەو یاسایانەی کە رەهەندی دەستوریان هەیە. ٢- یاسای ئۆرگانی. ٣- ئەو یاسایانەی کە سروشتی دەستوریان هەیە. ٤- یاسای بنەڕەتی (وەك ئەوەی لە دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨ دا هاتوە). ٥- یاسای تەواوکەری دەستور. بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە: د.احسان حمید المفرجي و د. کگران زغیر نعمه و د.رعد ناجي الجده، المصدر السابق، ص١٧٤. و د. کمال جعلاب، القچاو الدستوری، الجزائر، جامعه زيان عاشور بالجلفه، کلیه الحقوق و العلوم السیاسیه، ٢٠١٨-٢٠١٩، ص٥١-٥٤.

٥. بۆ رونکردنەوەی زیاتر گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە مادەی (١٢٣)ی دەستوری (١٩٩٦)ی جەزائیر ئەم بوارانەی دەسنیشانکردوە کە رەهەندی دەستوری (دەستورەکە بە ئۆرگانی ناوزەدی کردون) کە بریتیین لەمانە: ١- رێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکان و کارەکانی .٢- سیستمی هەڵبژاردن. ٣- یاساکانی تایبەت بەپارتە سیاسییەکان. ٤- یاساکانی تایبەت بەراگەیاندن .٥- یاساکانی تایبەت بەدادوەری. ٦- یاساکانی تایبەت بەدارایی. ٧- یاساکانی تایبەت بەئاسایشی نیشتیمانی. بۆ زانیاری زیاتر سەیری دەقی دەستورەکە لەم لینگەدا بکە:
https://www.globalhealthrights.org/wp-content/uploads/2015/03/Algeria-Constitution-2008-Arabic.pdf

٦. هەر بۆ نمونە مادەی (٤٦) دەستوری ١٩٥٨ فەرەنسا، جگە لەوەی چەندین رێکا ری دیکەی توندی گرتۆتەبەر بۆ راییکردنی یاسا دەستورییەکان (کە دەستورەکە بەیاسا بنەڕەتییەکان ناوزەدی دەکات)، هاوکات رەزامەندی هەردوو ئەنجومەنی پیران و کۆمەڵەی نیشتیمانی بەمەرج گرتوە، پاشانیش دەڵێت ئەگەر هەردوو ئەنجومەنەکە لەسەری هاورا نەبوون ئەوا دەبێت بە زۆرینەی رەهای کۆمەڵەی نیشتیمانی راییبکرێت. بۆ زانیاری زیاتر سەیری دەقی دەستورەکە بکە. هەروەها مادەی (١٢٣) دەستوری ١٩٩٦ جەزائیر رێژەی (٤/٣) بەمەرج گرتوە بۆ راییکردنی یاسا ئۆرگانییەکان.

٧. دەشێت بۆ زیاتر دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر ئەو یاسا دەستورییانە، پەنا ببرێتە بەر کۆمەڵێك رێکاری توندی دیکەی وەك راپرسی

جەماوەری، وەك ئەوەی لە مادەی ٦١ دەستوری ١٩٥٨ فەرنسادا هاتوە.

٨. بەرێز مەسعود بەرزانی لە (٢٠٠٥/٥/١٢) وەك یەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردراو سوێندی یاسایی خوارد.

٩. بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم لینکەی خوارەوە بکە: https://www.peyserpress.com/detail/1219

١٠. بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم لینکە بکە:
https://www.parliament.krd/media/2031/%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D9%89-%DA%98%D9%85%D8%A7%D8%B1%D9%87-19-%D9%89-%D8%B3%D8%A7%DA%B5%D9%89-2013-%

١١. بۆ زانینی بۆچونی پارتی دیموکراتی کوردستان لێدوانێکی جەعفەر ئیمینکی جێگری ئەوکاتی سەرۆکی پەرلەمان بخوێنەرەوە کە بەرواری (٢٠١٥/٨/١٧) بۆ ئاژانسی ئانادۆڵی داوە.


**الملخص**

يتناول البحث جوهر المحكمة الدستورية و خصائصها، ويركز على الحجج التي تثبت ضرورة وجود المحكمة الدستورية في الدول والأقاليم التي لا يوجد بها الوثيقة الدستورية. والمحكمة الدستورية تعتبر ركيزة أساسية في هيكل النظام القضائي، وأن أي مجلس أو محكمة تمارس مهام القضاء الدستوري يمكن تسميتها بالقضاء الدستوري. وللمحكمة الدستورية طابع قانوني وسياسي، لكن من الناحية النظرية لا توجد مشكلة في هذه الازدواجية، لأن الدستور ما هو إلا تجسيد للوضع السياسي في إطار قانوني. وتتمثل الخصائص الموضوعية للقضاء الدستوري في سمتين رئيسيتين هما التخصص في النزاعات الدستورية، وهذه أهم خصيصة للقضاء الدستوري، والبتات في أحكام وقرارات القضاء الدستوري. و تتمثل الخصائص الشكلية في القضاء الدستوري ، فيما توليه الدساتير من اهتمام بتشكيل محاكم وهيئات القضاء الدستوري أولا، وتتمثل في التنوع في عضوية القضاء الدستوري ثانيا. ومن الناحية التطبيقية أثبت البحث على أن اغلبية المشاكل السياسية في اقليم كوردستان-العراق (لاسيما في العقد الماضي) ترجع الى عدم التمييز بين القوانين الدستورية والقوانين العادية وعدم وجود محكمة تبت في شرعية أو دستورية وعدم دستورية القوانين. تتجسد أهمية هاتين الخطوتين بالنسبة لإقليم كوردستان في استكمال الفراغ الناجم عن غياب الوثيقة الدستورية من جهة، ومن جهة أخرى تصبح أساساً للوثيقة الدستورية لمستقبل الإقليم.



**Abstract**

The sammury of the Research this sutudy is about the essence of the constitutional court, the requirements of the arguments and the properties of the constitutional court, and the way it's formed in countries and provinces that don't have constitutional document. It's been explained that the constitttional Jusice is the main pier of the judicial system. Every single tribunal or council is exercising their duties and properties of the constitutional Justice and it could be named as a constitutional justice. Meanwhile these type of justices have political and legal constitutional. However this legality and politicization don't have theortical matter, because basically the constitution is embodement of thepoltical status witin legal. Generally speaking the constitution court is an expert whose decisions are decisive to resolve the constitutional disputes. This type of court has two characterstics and manifestations, which concerns the constitution of composing a memebership of the constitutional court. The research is basd on considerable political problems of Kurdistan region, there is indistinguishable between the constitutional law and ordinary law. On account of both of them have been issued in one way and the same common voting proportion .meanwhile if this was to be done and there would have been a special court, deduct the legitimacy and constitutionalty, legal unconstitutional to the law, so the region wouldn't have faced the problems at least that have faced in the decade. Except for these two steps, it fills the space that's made due to the lack of written constitution, in another hand it will be abasis for the futurity of Kurdistan region constitution and admit the process of the constitution.



**Keywords:** Consitutional Law, Consitutional Court, Consitutional Council, Specialies of the Consitutional Court, Consitutional Principles.